ئێریش کێستنەر

# دۆن کیخۆت

لە ئەڵمانییەوە: پێشڕەو محەمەد



نۆڤلێت

کتێبی ژنەفتن

١٥

ئێریش کێستنەر

# دۆن کیخۆت

لە ئەڵمانییەوە: پێشڕەو محەمەد

ئێریش کێستنەر

# دۆن کیخۆت

له ئەڵمانییەوە: پێشڕەو محەمەد

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: دۆن کیخۆت
نووسینی: ئێرش کێستنەر
لە ئەڵمانییەوە: پێشڕەو محەمەد
بابەت: نۆفلێت
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، ئایاری ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٧١ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

**کورتەیەک:**

ئێریش کێستنەر لە ساڵی ١٨٨٩ لە شاری درێسدنی ئەڵمانیا لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٤ لە شاری میونشن کۆچی دوایی کردووە. کێستنەر بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی هونەری و ئەدەبیی ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ (Neue Sachlichkeit) لە ئەڵمانیا دەناسرێتەوە، ڕۆماننووس، شاعیر، شانۆنووس و، ساتیریست بووە. ڕۆمانی **ئێمیل و پشکنەران**، لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانییەتی و چەند جار کراوە بە فیلم. ساڵی ١٩٣٣ کە هیتلەر دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت، کۆی نووسراوەکانی قەدەغە دەکرێت و، هەموو کتێبە چاپکراوەکانی دەسووتێنرێت، بە تایبەت ڕۆمانی **فابیان: حیکایەتی مۆرالیستێک**، لەناو ڕژێمی نازیدا بە تۆقێنەرترین ڕۆمان لە قەڵەم دەدرێت، و پاشان کە نازیزم دەڕووخێت و کۆنزەرڤاتیڤە مەسیحییەکان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، کێستنەر جارێکی دیکە سانسۆر دەکرێت، بەوەدا کە ئایدیاکان و بیرۆکەکانی لەگەڵ ئەخلاقیاتی کۆمەڵگا ناگونجێن و لە دوای دەیەی ١٩٦٠ کە وردە وردە سۆسیال دیموکرات و لیبراڵەکان دێنە سەر حوکم، کێستنەر بە بیانووی ڕادیکاڵیزمەوە جارێکی دیکە سانسۆر دەکرێت. بەڵام ئەمە هێشتا نابێتە هۆی ئەوەی کە چوار جار بۆ خەڵاتی نۆبڵ بپاڵێورێت و دواجار ناوبانگی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەی بیرمەندانی کۆماری ڤایمار ڕەخنەیان لە ئاراستەی هونەری و ئەدەبیی کێستنەر گرتووە، لەوانە زیگفرید کراکاوەر،

تیۆدۆر ئادۆرنۆ، والتەر بنیامین و هتد، بەڵام ئەدەبیاتی کێســتنەر لە پلەی باڵادا ماوەتەوە. لە کۆتاییی ئەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەیەکی کورتم ســەبارەت بە کێســتنەر نووســیوە، خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بچکۆلەیە، زیاتر بە نووسەر و ئاراستەی هونەری و فیکری و ستایل و ئێستاتیکای ئەو ئاشنا دەبێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ســوپاســی هاوڕێیانم میران ئەبراهام، خەڵات عەلی بکەم دەقەکەیان خوێندەوە و کۆمەڵێک تێبینییان پێ دام.

پێشڕەو محەمەد

بەرلین

١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

به تـازەیی گۆڤـاریکی وینەیی له خوینەرانی دەپرسـیت: «زیـاتر حەزتـان دەکرد له چ سـەردەمیک ژیـابـان؟» و وەڵامەکـان وەک هیشـووی گوڵان ڕەنگاوڕەنگ بوون. دەلالیکی کاڵا کۆلۆنییەکان له شاری شڤاینفورت به سەرپەرشتیاران دەڵیت زۆر به باشی دەزانی یۆنـانییەکی کۆنی دەوروبەری ٥٠٠ سـاڵی پیش زایین بووایه، و ئەگەر گونجابایایه، براوەیەکی نـاو کیبرکێ ئۆلۆمپییەکانیش بووایه نەک ئەوەی دەوری به تـاجەگوڵینەکـان گیرابیـت و ئیسـتـا له دوکـانەکەیـدا ئەو تـاجەگوڵینـانه بپیچیتەوه و به خەڵکـانی دیکەی بفرۆشیت، و حەزیکی زۆریشی لەو ئیشه نەبوو.

خانم برینکمان له شـاری لوبیکەوە دەنووسـیت که تەنانەت وەک دانپیانانیک ئارەزوویەکی بەتینی هەبووە وەک خانمیکی دەربار له سـەدەی هەژدەدا بژیت و قژی سـپی و عەزیەی ئاوریشـمیی پان و پۆڕی لەبەر بووایه. ئەوجا شووی به مارشاڵ مۆریتزی شکۆمەندی سـەکسـۆنیا دەکرد نەک به مسـتەر برینکمان. و دەبیت ئەوەش بڵیت که پاریس و ڤیرسـای زۆر جوانتر و ڕازاوەتر بوون له لوبیک و تراڤنموندە. ئەم بڕیارەشـی لەوەوە هاتبوو که ماوەیەک پیشـتر له گەشـتیکی هەشـت ڕۆژەی به کۆمەڵدا سـاڵی پار سـەردانی پاریسـی کردبوو.

لەبەر ئەوە هەر خوینەریـک بیرۆکەیەکی تـایبەت به خۆی هەبوو. یەکیک حەزی دەکرد وەک جەنەڕاڵیکی ئەسـپسـواری سـویدی له جەنگی سـی سـاڵەدا ژیابایه، یەکیکی دیکه وەک ماندارینیکی چینی،

سـێیەمیان وەک سـاقییەکی شـاژنە کلیۆپاترای میسـر. تەنها بەڕێز فاننشـتیل لە برێمن-ئێلبەفیلدەوە نووسـیبووی: «من، وەک دوایین بەڵێندەر، حەز دەکەم هەر وەک بەڕێز فافنشـتیلی برێمن-ئێلبەفیل، شەقامی کرومە، ژمارە ٧، فرۆشیاری گوێزانی ڕیشتاشین بمێنمەوە. ڕێز و خۆشەویستیی ڤیلیڤالد ف».

ڤیلیبالد ف بە بڕیار و ئیشەکەی خۆشحاڵ بوو.

ئێسـتا دۆن کیخۆت، کە دەمەوێت سـەرکێشـییەکانیتان بۆ بگێڕمەوە، پیاوێکی خانەدانی هەژاری ئیسـپانی بوو، کە حەزی دەکرد ببێتە سـوارچاکێک بۆ ژیانی خۆی. سـوارچاکێک بە زرێپۆشـێکی پڕ و پرشـنگدارەوە، بە ڕم و قەڵغان و شـمشـێر و بە سـواری ئەسـپێکی تیژڕەوی جەنگیی تووڕە. ئەگەرچی لە ڕۆژگاری ئەودا، سێ سەد و پەنجا ساڵ و خوردەیەک پێش ئێستا، ئەم جۆرە سوارچاکانە دەمێک بوو لەوە کەوتبوون بوونیان هەبێت! ئەمە ئێسـتا هیچ ڕێگرییەکی لە بەردەم دۆن کیخۆتدا دروست نەدەکرد چونکە ئەو بەردەوام بوو لە خەونە سوارچاکییەکانی و لە ماڵەکەی و لەسەر کورسییە نەرمەکەی خۆیدا خەونی بەمانەوە دەبینی. بەڵام ئەو خۆی و ئەوانی دیکەی بەو جۆرە ئاسودە نەکرد! بیری لەوە نەدەکردەوە: «ئاخ، ئەگەر تەنها سـوارچاکێکی ئازا بوومایە! ئای، ئەگەر تەنها بمتوانیبا یارمەتیی لاواز و چەوسـاوان بدەم! ئاخ، ئەگەر کۆمەڵە دوژمنێکی بەجەرگم هەبوونایە بمبەزاندبان!». نەخێر ئەو هەرگیز بیری لە شتانێکی وەک دەبێتەکان و دەکرێتەکان و دەبووایەکان نەدەکردەوە! بە هەر حاڵ

لە سـەر کورسـییەکەی بەرز بووەوە، بە مسـتەکۆڵە بە مێزەکەیدا کێشـا و بە چاوانی بریقەدارەوە هـاواری لێ بەرز بووەوە: «من سـوارچاکم! دوژمن هەن! و یارمەتیی لاوازان دەدەم!» پاشـان زرێپۆشـە ئاسـنینەکەی باپیرەگەورەی لەسـەر زەوییەکە هەڵگرتەوە، پاقژی کردەوە و تەپ و تۆزی لەسـەر لا برد، تەونی جاڵجاڵۆکەکانی لەسـەر هەڵگرت و ژەنگەکەی نەهێشـت، کڵاوخودە و شـەپقەی پێشـەوەی چـاککردنەوە، بەنێو زرێپۆشـەکەدا هەڵزنـا، تونـد کڵاوخودەکەی لێ قایم کرد، ئەسـپەکەی لە تەویلەکەوە هێنا، ئەسـپی داماو وەک خۆی لەڕ و لاواز بوو، بە ناڵینەوە سـەرکەوت و خۆی ڕێکخست و ئەسپەکەی تاو دا.

میگویل دو سێرڤانتس ئەو سەرکێشییانەی نووسینەوە کە ئەزموونی کردبوون، و لە کتێبەکەدا بانگەشـەی ئەوەی دەکرد کە جووڵە سـەیر و سـەمەرەکانی دۆن کیخۆت بە هۆی ئەو هەموو ڕۆمانە زۆر و زەوەندەی سـوارچاکییەوە بووە کە لەو ڕۆژگارەدا باویان بوو، هەموو ئەوانەی دۆن کیخۆت خوێندبوونییەوە. دەکرێت واش بێت.



بەم دواییانە، لە نووسـینگەی تۆماری مەدەنیی میونشـن دوو گەنج هاوسـەرگیری دەکەن کە سـێ سـەد و حەوت فیلمی وێسـتەرن وایلّدیان بینیوە.

ئەوان لەسـەر پشـتی ئەسـپەوە، لەناو گالیسـکەوە، بە پەت و قـامچییەوە، بە جلوبەرگی بـاوی کـاوبۆییەوە هـاتن، و هەرکە کارمەندی نووسینگە ئەوانی بینی، لە هۆش خۆی چوو و بوورایەوە. لانی کەم هەردوو هاوسـەر هێشـتا ناوە ڕاسـتەقینەکەی خۆیان دەزانی کە بـاخمـایەر بوو و مێردەکە دەیزانی لە کۆتـاییی هەفتەدا بەنێو مێرگوزاردا تاوی ئەسـپەکەی نادا بەڵکوو دەبێت لە شـڤابینگ سەعاتپێوی گاز بەسەر بکاتەوە و بی پشکنێت.


لای دۆن کیخۆت شتەکان بە جۆرێکی دیکە بوون. ئەو بە خوێندنەوە تێکچوو بوو! (چاکە، ئەمە بەسەر ئێوەدا نایەت!)

## یەکەم پێکدادان و بوون بە سوارچاک

کەیبـانوو و خوشـــکەزاکەی بە زەڕەبین بە دووی ســـــەروەر و ئاغاکەیاندا دەگەڕان. و کاتێک نەیانتوانی بیدۆزنەوە، خوشـــکەزاکەی بەدووی هاوڕێکانی، قەشـە و سـەرتاشـەکەدا نارد و ئێسـتا هەرچوار بەدوویدا دەگەڕان. بەڵام تەنانەت بۆیان دەرکەوت ئەسـپەکەش دیار نەمـاوە. ئیتر نیگەران بوون و چـاوەڕوان مـانەوە. بەڵام بێهوودە چاوەڕوان بوون.

لەو کاتەدا دۆن کیخۆت ئەســـپە لەڕ و لاوازەکەی بەســـــەر ڕێگا خۆڵاوییەکـانـدا برد، مەزراکـانی دەبڕی و بەنێو کڵێگەکـانی دار زەیتونـدا تـاوی دەدا، بەرەو شـــــاری ســـیڤیلیـا (ئیشـــبیلیە) و ســــەرکێشـــییەکانی داهاتووی ملی دەنا. هیچ هەورێک بە ئاســـمانی شینی سامالەوە نەدەبینرا. خۆر سووتێنەر بوو. و چیمەنەکەش بۆنی سووتاوی لێ دەهات. ئەسپ و تاودەرەکەی لە تینوا دەخنكان. بەڵام ئاســەواری ڕۆیشــتنی هیچ جۆگەلەیەک بەو ناوەدا بەدی نەدەکرا، و لە هیچ شـوێنێکیش کاروانسـەرایەک نەدەبینرا. دۆن کیخۆت تەنانەت نەیـدەتوانی بۆ جـارێکیش چییە کڵاوخودەکەی دابگرێـت. چونکە کڵاوخودەکەی بە قردێلەیەکی زۆر و بە توندی لە ملی گرێدابوو، و ئێســـتـا بە هیچ کلۆجێـک نەیـدەتوانی گرێکـانی بکـاتەوە! ئـارەقە چاوەکانی دەکزاندەوە و لەژێر زرێپۆشــــەکەوە بە پشـــتیدا دەهاتە خوارەوە، بەڵام دانی جیڕ دەکردەوە و لەو بیرۆکەیەدا ڕۆ چووبوو: «نابێت سوارچاکی ڕاستەقینە پرتە و بۆڵەی بێت».

لە ناکاو بە هۆی ترســـــەوە ڕاچڵەکیی و بە بەرزییەوە هاواری کرد: «من هێشتا سوارچاک نیم!» جا ئەسپەکەش تەواو تۆقیبوو و بۆ دە خولەک غــارغــارێن و ڕاکەڕاکی بوو وەک بڵێیــت زەردەواڵەیەکی ئەســپ نقورچی لێ گرتووە و پێوەی دەدات. پاشــان وەســتا، زمانی هێنایە دەرەوە و ڕایگرت. دۆن کیخۆت غەمگینانە دووبارەی کردەوە «من هێشتا سوارچاک نیم! هێشتا پێویستە ببمە سوارچاک!» بەڵام غەمگینییەکەی تەواو پێنەگەیشتبوو. پاشان ئاوڕی دایەوە بە جۆرێک کڵاوخودەکەی کەوتە تەقەتەق و بە شانازیی و بەخۆنازیینەوە گوتی: «یەکەم کەس ڕووبەڕووم ببێتەوە، دەبێت بمکاتە سوارچاک!»



یەکەم پیــاو کە دۆن کـیـخـۆت بـیـنـی و ڕووبەڕووی بـووەوە، خاوەنبارێکی کەتەی قەڵەو بوو لەگەڵ دوو مەیتەر و دوو مەیگێڕ لە بەردەمی بارەکەی دانیشـــتبوو. بارەکە کۆڵیتێکی هەرزان بوو. بەڵام دۆن کیخۆت پێی وابوو قەڵایەکی کۆنە، دەرگەوان پاشـــای قەڵاکە و مەیگێڕەکـانیش کچـانی گەنجی قەڵاکەن. کـاتێـک یـارمەتیـان دا لە ئەسـپەکەی بێتە خوارەوە، لە بەردەم خاوەن بارەکەدا کەوتە سـەر ئەژنۆ و داوای لێ کرد پیرۆزئاسـا بیکاتە سـوارچاک، چونکە ئەگەر نەبێتە سـوارچـاک نە دەتوانێت بەرگری لە هەژاران بکـات و نە خراپەکـارانیش تەمێ بکـات. دەرگەوان نەیـدەزانی نە پێبکەنێـت نە بتۆقێت، گوتی بەڵێ و ئامین. بەڵام، ئەوەشـی خستە سـەر، کە دەبێت تـا خۆرهەڵاتنی ڕۆژی دواتر چـاوەڕوان بێـت، چونکە ئەمە نەریتی سـوارچاکییە. و کاندیدیش دەبێت لە شـەودا پاسـەوانی چەکەکانی داهاتووی بکات. ئەگەر بشگونجێت دەکرێت لە پەرستگایەکدا. کابرای دەرگەوان پەرسـتگای نەبوو بەڵام حەوشـەی پشـتەوەی قەڵاکە بۆ ئەم مەبەسـتە شـوێنێکی زۆر گونجاو دەبێت. گوتی: «حەوشـەی پشـتەوەی قەڵا»(Burghof)، چونکە ڕێبوارە نـامۆکە پێی وابوو کاروانسـەراکە قەڵایە. دۆن کیخۆت قبوڵی کرد، هەڵسایەوە و لەسـەر مێزەکە دانیشت. ماسیی وشککراو، نانی ڕەق و شەرابی سوێری لێ بوو، و مەیگێڕەکانیش هەوڵیان دەدا کڵاوخودەکەی لەسـەر بکەنەوە. بەڵام کردنەوەی گرێکان لە دەرەوەی توانای ئەوانیشـەوە بوو. و کەچی ناچاربوون خۆراک بەو سـوارچاکەی داهاتوو بدەن، کە تەنها

دەیتوانی بە عاستەم زاری بکاتەوە و دەبوو بە قامیش شەرابی بە قورگدا بکرێت.

لە شەودا حەسحەسئاسا بەنێو حەوشەی قەڵاکەدا پیاسەی دەکرد. بە وریاییەوە زرێپۆش و کڵاوخودەکەی لەسەر لێواری شوێنی ئاوخواردنەوەی ئاژەڵان، بەتەنیشت بیرەکەوە، دانابوو. بەڵام ڕمەکەی بە دەستەوە گرتبوو و ئەمەش شتێکی زۆر باش بوو. دوای چەند کاتژمێرێک، دوو مەیتەرەکە هاتن تا کەرەکانیان تێر ئاو بکەن. هەرکە هەوڵیان دا شوێنی ئاوخواردنەوەکە پڕ ئاو بکەنەوە، زرێپۆش و کڵاوخودەکەیان بێ ئاگایانە هەڵدایە سەر زەوییەکە.

نەدەبوو ئەو کارەیان بکردایە! دۆن کیخۆت لە سەرەتاوە لەوێ بوو و بە ڕمەکەی هێرشی کردە سەریان و بە سەری هەردووکیانیدا کێشا. بەر زەوی کەوتن و وەک پشیلە هاواریان لێ بەرزبووەوە. خاوەن کاروانسەراکە لە جێگاکەی ڕابوو، ڕایکردە نێو حەوشەکەوە، کارەساتەکەی بینی و هاواری لێ هەستا: «ئێستا کاتییەتی ئاغای خانەدان! بکەوە سەر ئەژنۆ! وا خۆر هەڵدێت!»

پاشان دۆن کیخۆت خۆی خزاندە ناو زرێپۆشەکەیەوە، کەوتە سەر ئەژنۆ و بە هۆی خاوەن بارە کەتە قەڵەوەکەوە خۆی کردە سوارچاک، کاتێک خاوەن کاروانسەراکە بە شمشێرەکەی دەستی کێشای بە شانی دۆن کیخۆتدا، هەندێک ورتەورتیشی کرد.

دۆن کیخۆت کەوتبووە نێو میزاجێکی پیرۆزەوە. پاشـــــان هەزاران جار سوپاسی کردن، چەکەکانی هەڵگرت، سواری زینی ئەسپەکەی بوو و بەنێو دەروازەکەدا ئەسـپەکەی تــاو دا، دوو مەیگێڕەکە دابوویانە قاقای پێکەنین و دوو مەیتەرەکەش نەفرەتیان لێ دەکرد. لە کۆتاییدا ئەو سوارچاکێکی ڕاستەقینە بوو!



## سەرکێشیی سەر چوارڕیان

جارێکی دیکە خۆر تەخت و بانە ئیسپانییەکانی دەسووتاند. ئەسپەکە بێ ماندووبوون بەو ناوەدا غاری دەدا. چەندین کاتژمێر بە ڕێگاوە بوو بەرەو ماڵەوە. دەیویســـــت بگەڕێتەوە تەویلەکەی خۆی. بەڵام دۆن کیخۆت درکی بەمە نەدەکرد. لە مێشک و زەینی خۆیدا بەدووی ژنێکی خانەداندا دەگەڕا کە ســـــتایش و ســــەنای بکات و بە ناوی ئەوەوە بجەنگێت. دواجار ئالدۆنزا لۆرێنزۆ لە دەرگای مێشــــکیدا. لۆرێنزۆ کیژە جووتیــارێکی جوانی بەهێز و بەخۆوە بوو، خەڵکی گوندەکەی ئەوبەر بوو، و جارێک لە جاران دۆن کیخۆت کەوتبووە داوی خۆشـــەویســتیی ئەو کچە جووتیارەوە. تەنها ناوەکەی بە لای دۆن کیخۆتەوە تەواو شــــکۆمەنــد و ژنــانە نەبوو. و بیری لەوە دەکردەوە دەبێت ناوەکەی چۆن بێت. دوای ماوەیەک هێنان و بردن، باشترین ناو کەیفی پێ کرد، دولزینیای تۆبۆسۆ بوو. ئەم ناوە زۆر سەرنجڕاکێش و عەجیب دیار بوو! و قاچی بە ئاوزەنگی ئەسپەکەیدا کرد، لغاوی کرد، بەســەر ڕێگای ســەرەکیی شــاردا کەوتە تاودانی و دووبارە و دووبارەی دەکردەوە: «دولزینیای تۆبۆســـۆ جوانترین و ڕازاوەترین خانمی هەموو ئیســپانیایە!» بەم هاتوهاوارەوە گەیشــتە ســــەر ئەو چوارڕیــانەی شــــەش ســــوارچــاک و خزمەتکــار و هێسترسوارەکانیان وەستابوون. ئەوان چەند بازرگانێکی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانی خەڵکی تۆلیدۆ بوون، و بەرەو مورزیا دەڕۆیشتن تا ئاوریشـــم بکڕن. «دولزینیای تۆبۆســـۆ جوانترین و ڕازاوەترین

خانمی هەموو ئیســـــپانیایە!» وەها هاتوهاواری بوو دۆن کیخۆت. یەکێک لە بازرگانەکان گوتی «لارییت لەمەدا نییە؟» یەکێکی دیکەیان گوتی: «ئێمە دولزینیای ئێوە هەر ناناسـین! وێنەکەیمان پیشـان بدە! تا وێنەکەی نەبینین، هیچ شتێک لەو بارەیەوە نالێین!» سێیەمیان بە پێڕابواردنەوە گوتی «ڕەنگە خێل بێت و ددانی شکابن!» و هەمووان دایانە قاقای پێکەنین.

ئەمە بۆ دۆن کیخۆت شــــایانی قبوڵکردن نەبوو. «دەبێت باجی ئەمە بدەن!» وەک هەورەبروســـکە هاواری کرد، ڕمەکەی بەرزکردەوە و تۆفانئاسا پەلاماری دان. لەوەدابوو کارەساتی لێ بکەوێتەوە.



بەڵام لە نیوەی ڕێگـادا، ئەسـپەکەی لەرەی تێکەوت و خۆی و سوارچاکەکەی خستە سەر زەویی، ڕێک لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا. دۆن کیخۆت دەیویسـت بەرز بێتەوە و بە پێوە لەپێناوی شـەرەفی خانمەکەیدا بجەنگێت. بەڵام زرێپۆش، قەڵغان، ڕم و کڵاوخودەکەی زۆر قورس بوون. و هێسـترسـوارەکان هەر لە سـەرەتاوە پێی گەیشتبوون و بەسەر سەرییەوە وەستابوون، ڕمەکەیان شکاندبوو، پارچە پارچەیان کردبوو و پاشان هێندە خراپ کوتایان تا بەرچاوی تاریک بوو و کەڕ و لاڵ لەو ناوە کەوت.

هەرکە سـوارچاکی داماو دووبارە هۆشـی بۆ گەڕایەوە، پیاوەکان گردەکەیان بڕیبوو و لەوێ نەمابوون. ئێسـقانەکانی ئازاریان دەدا، دەیناڵاند و دەتلایەوە. خۆشـبەختانە جووتارێک بەسـەر پشـتی کەرەکەیەوە، وەسـتا، یارمەتیی ئەسـپەکەیدا بەرز بێتەوە و لەسـەر چوارپەلی بووەسـتێتەوە، دۆن کیخۆتی ناسـییەوە، سـواری پشـتی کەرەکەی خۆی کرد و ئەسـپ و سـوارچاکەکەی گەیاندە بەردەمی ماڵی خۆی.

تاریک و ڕوون بوو، و خزمەتکاری ماڵ و خوشـکەزاکەی، قەشـە و دەلاک خۆشـحاڵ بوون دۆن کیخۆت ڕێگای ماڵەوەی دۆزیوەتەوە. هەموو لەشـی ڕەش و شین داگەڕابوو. بردیانە سەر جێگاکەی و بە سـەهۆڵ سـاردیان کردەوە و تیماریان کرد. گوتی کە لە دژی دە دێوەزمەی دڕندە جەنگیوە. بەڵام ئەوان تەواو باوەڕیان پێی نەکرد و چای گوڵەنێرگزیان پێدا بیخواتەوە.

## شەڕفرۆشتن بە ئاشە هەواییەکان

ســــوارچاکەکە دەبوو چواردە ڕۆژی ڕەبەق لە جێگادا بمێنێتەوە، و خزمەتکارەکە پێی وابوو دۆن کیخۆت تێری لە ســــەرکێشــــییەکان خواردووە. بەڵام بەرەبەیانیی ڕۆژێکی خۆش دیســان دیارنەمابوو و ڕۆیشــــتبوو! ئەم جارەیان نەک هەر خۆی و ئەســــپەکەی، بەڵکوو ســانچۆ پانزای هاوســێشــی، کە جووتیارێکی هاوســەرگیر بوو و لە ماڵی دونیا تەنها کەرێکی هەبوو. هاوسەر و منداڵەکانی سانچۆ پانزا ڕایانکردە لای خزمەتکارەکەی دۆن کیخۆت و خوشــــکەزاکەی، و هێندە بە دەنگی بەرز دەگریان و ســەرزەنشــتی یەکتریان دەکرد کە لە ماڵەکە دەنگی دەدایەوە. چی لەســــەر زەوی وای لە ســانچۆ پانزا کردبوو ببێتە یار و یاوەری سوارچاکێکی شێتۆکە؟ ئایا شتێکی هەڵە لە کەلەســەرە جووتیارییەکەیدا دەهات و دەچوو؟ ئێســتا، جووتیارە چکۆلە خرپنەکە شــێت و شــوور نەبوو، بەڵکوو بەڕاســتی، بە مانای کەلیمە دەبەنگ بوو. و کاتێک دۆن کیخۆت پێی گوت کە دەیەوێت هەرێمەکان، دوورگەکان و ســەرزەمینی پاشــایەتییەکان داگیر بکات، و ئەو بکاتە کوێخا و مەیتەر، بیکاتە لۆردێک یان دوکێک[1]، ئەگەرنا، پاشــــایەک، پیاوە چکۆلە خرپنەکە خۆی لەبەرانبەر ئەم پێشــــنیارەدا نەگرتبوو. کاتێک بەڕێکەوتن، سانچۆ پانزا ژیرانە گوتی: «زیاتر حەز دەکەم ببمە پاشــا. ئینجا ژنەکەم دەبێتە شــاژن و ئەگەرچی پێشــم وایە، شــاژنێتیی لێناوەشــێتەوە. ئەو ئامادە نییە بۆ جۆرە پۆســت و

[1]وشەی نزیک لە دوک لە زمانی کوردیدا، ئاغایە.

پێگەیەکی وەها. بۆیە بمکە بە لۆردێک، بە ئاغایەک. ئینجا ئەویش دەبێتە ئاغاژنێک. ڕەنگە ئاغاژنێتیی چاکتر لێبووەشێتەوە». سوارچاک وەڵامی دایەوە «زۆر میانەڕەو مەبە! پیاو دەبێت شتانی گەورە بخوازێت! لانی کەم دەتکەم بە پارێزگارێک، و ئا بەم جۆرە!». سانچۆ پانزا گوتی «زۆر چاکە، بمکە بە پارێزگارێک و ژنەکەشم بە خانمەپارێزگار! باش فێردەبین پارێزگارێتی بکەین!» هەر لەگەڵ ئەمەدا مەتارەی ئاوخواردنەوەکەی لە زینی کەرەکەی کردەوە و قوڵپ قوڵپ خواردییەوە.

دەمەو ئێوارە گەیشتنە گردێک، نزیکەی سی بۆ چل ئاشی هەوایی لەسەر گردەکە هەبوون. پاشان دۆن کیخۆت قاچی لە ئاوزەنگی زینەکەی گیرکرد و هاواری لێ هەستا: «ئەو دێو و درنجانەی سەر گردەکە دەبینی؟» سانچۆ پانزا خەریکی جوینی هەندێک نان و ڕانەبەراز بوو و لە دەمیدا دەیهێنا و دەیبرد و گوتی: «دێو و درنج؟ لەسەر گردەکە؟ من تەنها کۆمەڵە ئاشێکی هەوایی دەبینم!» سوارچاک هاواری کرد: «دێو و درنج! و هەر یەکێکیان چوار دەستی هەیە!» مەیتەر بەدەم جوینەوە گوتی: «نەخێر، ئەمانە تەنها ئاشی هەوایین و هەریەکێکیان چوار باڵی هەیە!». بەڵام ئاغا و سەروەرەکەی سانچۆ توند دەستی لە ڕمەکەی گیر کرد و بەڕووی گردەکەدا هاواری کرد: «بە ناوی خانم دولزینیای تۆبۆسۆوە،

خۆتان بەدەستەوە بدەن!» و پاژنەی بە ئاوزنگی ئەسپەکەدا کرد و فەرمانی دەرچوونی پێدا.

هەرکە دۆن کیخۆت گەیشتە ئاستی یەکەم ئاشی هەوایی و بە هەموو هێزیەوە ڕمەکەی لە باڵی ئاشێکی هەوایی گیر کردبوو، لەناکاو با هەڵیکرد. باڵەکان دەستیان بە خولانەوە کرد. ڕمەکە تێکشکا. و ئەسپ و سوارچاک پێکەوە بە هەوادا فڕین و توند بە زەویدا درانەوە. هەردووکیان لێرە لەسەر زەوییەکە کەوتبوون، ئێسقانی هەر یەکێکیان تێک و پێک شکابوو! سانچۆ پانزا دەستی بە ڕاکردن کرد، تۆقیو، لە دوورەوە هاواری کرد: «ئایا ئازارێکی زۆرت پێگەیشتووە؟» پاشان دۆن کیخۆت بە زەحمەتییەوە بەرز بووە و بە پۆز و بە خۆنازیینەوە گوتی: «سوارچاکان هەرگیز ئازاریان پێ ناگات. و خۆ ئەگەر جارێکیش ئازاریان پێ بگات، هیچ پرتە و بۆڵەیەک ناکەن». مەیتەری چکۆلەی خرپن هاواری کرد: «چ چاکە



کە من سـوارچاک نیم!» و یارمەتیی هەردووکیانی دا، سـوارچاک و ئەسپ، تا لەسەر پێی خۆیان بووەستن.

کاتێک لە کۆتاییدا بەڕێکەوتن، ســوارچاک خۆی چەماندەوە و خۆی توند لە زینەکە توند کرد و ئەسپی داماو شەل و شەکەت ببوو و بە زەحمەت دەیتوانی بجووڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشــدا، چونکە وردە وردە تـاریک دەبوو، بڕیـاریـان دا چـادر هەڵدەن و لە نـاو دارســـتـانی داربەڕووی هەمیشـــە ســـەوز(Steineichenwald)دا بمێننەوە. ســـانچۆ پانزا دووبارە دەســـتی بە خواردن و خواردنەوە کردەوە، پاڵکەوت و بە جۆرێک دەســـتی بە پرخەپرخ کرد کە گەڵای دارەکان دەجووڵانەوە و خشـــەیان دەهات. دۆن کیخۆت نە هیچی خوارد، نە هیچی خواردەوە و نە چاویشی چووە خەو. دوای ئەوەی خشەخشی دارەکان و فیکەفیکی گوێ لێ بوو، دەسـتی لە ڕمەکەی گیر کردبوو، بۆ مـاوەیەکی درێژ بە بێداریی مـایەوە، داخی لە شـــکســـتەکەی دەخوارد و خەوی بە جووڵەی زیاتری نوێ، بەڵام سەرکەوتووانەوە بینی.

## نیوە-گوێ و نیوە-کڵاوخودە

چەند ڕۆژێک دواتر لە دەریا نزیک بوونەوە. لە دوورەوە دەیانتوانی بەندەری لاپیسە وەک حەوزێکی شین ببینن، و دۆن کیخۆت پڕ زۆر هیوادار بوو کە لێرە لەم قەراخە ڕمە بەڕووە خۆکردەکە بە دڵنیاییەوە نێچیرە شایستەکانی خۆی بە نووکەوە دەکات. پاشایانە بە سانچۆ پانزای گوت: «تەنها شتێک هەیە دەبێت تۆ بەتوندی چاودێری بکەیت. تۆ مادام هێشتا سوارچاک نیت نابێت لەگەڵ سوارچاکان بجەنگیت، بەڵکوو تەنها دەبێت بەرۆکی مەیتەران و پاسەوانان بگریت!». پیاوە چکۆلە خرپنەکە وەڵامی دایەوە: «هیچ نیگەرانی ئەمە مەبن! نە لەگەڵ سوارچاکان دەجەنگم و نە شەڕیش بە مەیتەران دەفرۆشم. چونکە من مرۆڤێکی ئاشتیخوازم. لە باشترین حاڵەتدا ئەو کاتە توورە دەبم کە لێم نەگەڕێن بە تەنها بم». سەروەر و ئاغاکەی بەردەوام بوو: «لەبەر ئەوەی من سوارچاکم، تۆ تەنانەت نابێت بەهاناشمەوە بێیت! ئەو کاتەش کە لە تەنگانەدام!». سانچۆ پانزا گوتی: «ڕێک وەک دەفەرموون، من کەسێکی ئارامم و شەڕ نافرۆشم».

دەوروبەری نیوەڕۆ ڕووبەڕووی کاروانێکی گەورە بوونەوە. لە پێشیانەوە دوو قەشەی سەر بە نەریتی بندیکانی هێستریان داژۆت. بە پاڵیانەوە دوو پاڵپێوەنەری هێستر هەبوون. و لەپشتی ئەوانیشەوە، ئەسپسوارانێک دەهاتن، گالیسکەیەک بەدوویانەوە، خانمێکی جوان لەگەڵ کارەکەرەکەی، تێیدا دانیشتبوون. خانمەکە

گەشتی بۆ سیڤیلیا دەکرد تا هاوسەرەکەی ببینێت کە دەبوو لەسەر فەرمانی پاشـــای ئیســـپانیا بۆ هیندی خۆرئاوا ڕەوانە بکرێت. دۆن کیخۆت بە جۆش و خرۆشـــەوە پرســـی «ئەو دوو جادووگەرە دەبینی؟» ســـانچۆ پانزاش گوتی «نەخێر، دوو قەشـــەی بەندیکانیی دەبینم». ســـوارچاکەکە هاواری لێ هەســـتا «ئەوان جادووگەران! و ئەوان خەریکن خانمەشـــــازادەیەک لە گالیســـــکەکەیدا دەڕفێنن!» یاوەرەکەی گوتی «ئاخ، کویێ! خۆتان لە خەیاڵاتی خۆتاندا ئەم شتانە دروســـت دەکەن!» بەڵام پێش ئەوەی نوقەی لێوە بێت، دۆن کیخۆت لە پێشـەوە وەک ڕەشـەبا هەڵیکردبووە سـەر گرووپە واقوڕماوەکەوە. یەکەم قەشـــە لە ترســـان لەســـەر هێســـترەکەی بەر بووەوە. ئەوی دیکەیان بەنێو ئەو دار و دەوەنەدا تێی تەقاند. دوو خانمەکەی ناو گالیســـــکەکەش هـاواری یارمەتییـان لێ بەرزبووەوە. دۆن کیخۆت نەڕاندی «وا هاتم! ئازادتان دەکەم!» شمشێرەکەی لە کێلان هەڵکێشا و قەڵغانەکەی بۆ سەر سنگی بەرز کردەوە. یەکێک لە ئەسپسوارەکان خەنجەرەکەی بەرز کردەوە و ســەرینێکی گالیسکەکەی وەک قەڵغان بەکار هێنا. هەر پێشتریش تەقەتەقی پێکدادانی چەکەکان دەبیسترا.

لەو میانەیەدا، ســـانچۆ پانزا هەوڵی دا جلوبەرگ لەبەر ئەو قەشـــەیە دابکەنێت کە لەســەر زەوییەکە کەوتبوو، تا وەک دەســتکەوتی جەنگ دەســـتیان بەســـەردا بگرێت. هێســـترســـوارەکان گەیشـــتنە ســـەری. خـانمەکـان بە دەنگی بەرز دەگریـان و هـاتوهـاواریـان بوو. دۆن کیخۆت و دوژمنەکەی هێندە توند و قورس بە یەکیاندا دەکێشـــا کە

هەوای بە گوروژم دەهێنا. قەڵغانەکە دوو کەرت بوو. پەڕی پەلەوەر لە بالیفەکەوە دەبارین. شـــمشـــێرەکان خوار بووبوون. و بە جارێک نیوەی کوڵاوخودە و نیوەی گوێچکەی دۆن کیخۆت کەوتبوونە ئەو ناوەوە. ئەمەش هێندەی دی ســـوارچاکەکەی تووڕەتر کردبوو، و بە هیچ جۆرێک وازی نەهێنا تا دوژمنەکەی لەســـــەر ئەســـــپەکە بەر بووەوە، خوێنی لێ دەچۆڕا و لە پەلوپۆ کەوت. دۆن کیخۆت خەنجەرەکەی بە ســـنگییەوە نووســـاند و خۆی و خانمەشـــازادە و کارەکەرەکە و ئەسـپسـوارەکان و قەشـەکان و هێسـترسـوارەکانی ناچار کرد سوێند بخۆن هەرکە گەیشتنە تۆبۆسۆ بە خاتوو دولزینیا بڵێن ســـــوارچاکەکەی چەندە قارەمانانە جەنگاوە. ئەوانی دی، لە ناخەوە تۆقیو ســـوێندیان بە هەر شـــتێک خوارد ئەو دەیویســـت و بەپەلە و هەڵەداوان لەو ناوە دوور کەوتنەوە. شـوێنی گەشـتەکەیان تۆبۆسۆ نەبوو، بەڵکوو بەرەو سیڤیلیا دەڕۆیشتن.

لە کـاتێکدا ســــانچۆ پانزا خەریکی مەڵهەمکردنی نیوەگوێچکەکەی دیکەی دۆن کیخۆت بوو و لەفافی لێ دەپێچا، بە دڵســـافییەوە گوتی: «سـەروەرم سـوارچاکیی پیشـەیەکی قورس و سـەختە. تکایە کەمتر لەوە بجەنگن کە تا ئێستا ئەنجامتان داوە! من پێویستم بە پاشایەتی نییە. زۆر خۆتان ماندوو مەکەن! پارێزگارییەکی نیمچە بچووک بۆ من بەسە».

## کاروانسەرای جادوولێکراو

بەڵام بەردەوامبوون لەوەی ژمارەیەکی زۆرتری سەرکێشییان هەبێت. ئەوانەی لە داڵغەی ئەوەدان ببن بە سوارچاک، ئەگەرچی چیتر سوارچاکان بوونیان نییە، لە هەر گۆشەیەکی شەقامدا ئەزموونی شتی ناخۆش و نەخوازراو دەکەن. جارێک دۆن کیخۆت دەرزەنێک تاوانباری زنجیرکراوی سەر کەشتییەک ئازاد دەکات، چونکە پێی وابوو ئەوان خەڵکانی داماون و بە هەڵە زیندانی کراون. جارێکی دیکە، لە نیوەشەودا، لەبەر ئەوەی بۆنی تاوانێکی ڕەش دەکات، پەلاماری گروپێکی قەشەی لەخواترس دەدات، کە تابووتێکیان بە سەرشانەوە بوو دەیانبرد بۆ نزیکترین گۆڕستانی ئەو ناوە. و جارێکی دیکەش بە هەڵە مێگەلە مەڕێکی لێ دەبێتە سوپای پیادەی دوژمن و بە ڕمەکەی حەوت دانە مەڕ هەنجن هەنجن دەکات.

ئەوەی بسرەوێنێت، تێی دەسرەوێنرێت. سەر جەستەی ئەو و سانچۆ پانزا هەمووی نیشانە و پەڵەی زەرد، شین و سەوز هەبوون. دەلەنگین و دەکولان. هەردووکیشیان نۆ ددانیان لەدەست دابوو. ڕۆزیناتە، ئەسپەکەی دۆن کیخۆت و کەرەکە شەکەت بووبوون و لە پەلوپۆ کەوتبوون و پێویستیان بە پشوودان هەبوو. لەبەر ئەوەش بڕیاریان دا چەند ڕۆژێک لە کاروانسەرایەک بمێنن، کە لەسەر ڕێیان هەڵکەوتبوو.

دیســـــان خەیاڵی بۆ ئەوە چوو ئەم کاروانســــەرایە قەڵا بێت! لەبەر گەورەیی موشــکی شــەرابەکانی کە لە پێســـتەی خۆشــکراوی گا دروســت کرابوون و بە بنمیچی ژوورەکەیەوە هەڵواســرابوون، هەر لە هەمان شــەوی مانەوەیدا خەونی بەوەوە بینی قەڵاکە جادووی لێ کراوە و ئەمانەش کۆمەڵە دێو و درنج و جادووگەرانێکن هاتوونەتە ژوورەکەیەوە تا بیکوژن. دەســـــتی لە خەنجەرەکەی گیرکرد کە لە تەنیشــــت جێخەوەکەیەوە دانرابوو، لە جێگاکەی بەرز بووەوە و بازێکی دا و دەســتی کرد بە هەڵدڕاندن و خەنجەرلێدان لە موشــکییە لە پێستەگا دروستکراوە فووتێکراوەکە و ئیتر شەرابی سوور پڕژایە نێو هەموو کون و کەلەبەرێکەوە.

ســـــانچۆ پانزا، خاوەنی کاروانســــەرواکە و چەند میوانێکی دیکەی کاروانسەراکە بەو هاتوهاوارە خەبەریان بووەوە، مۆمیان داگیرساند، بەرێکەوتن بزانن هۆی ئەم هاتوهاوارە چییە، دەرگای ژوورەکەیان ئاوەڵا کرد و تووشـــی شــۆک بوون و ڕەق ڕاوەســـتان. زەوییەکە ســوورهەڵگەڕابوو. ســوارچاکەکە ســەرتاپای ســوور بوو. جێگاکەی ســـوور ســـوور بوو. ســـانچۆ پانزا هاواری کرد «فریامان کەون! ســــەروەرم وا دەکوژرێت!» لەبەر ئەوەش خۆی و میوانەکان پێیان وابوو شــەرابە ســوورەکە خوێنە. تەنها خاوەن کاروانســەراکە باش ئاگاداری مەســەلەکە بوو و دەســتی بە غەڵبەغەڵب کرد: «ئەی هاوار شــــەرابە ســــوورە نازدارە باشــــە گرانبەهاکەم!» بە تووڕەیییەوە هاواری کرد و ویســتی توند هێرش بکاتە ســەر ســوارچاکەکە. بەڵام

وەک شـــــەیتان دەجەنگا و زیـاتر و زیـاتر خەنجەری لە کونیلەی موشـــــکی شـــــەرابەکان ڕۆ دەکرد. تەنها ئەو ســـــاتەی دوا دڵۆپی شـــەرابیان لێ تکا و بەتاڵ بوونەوە، توانرا بە زەحمەت دۆن کیخۆت بخرێتەوە سەر جێگاکەی.

لە کاتێکدا میوانەکان گەڕانەوە ژوورەکانی خۆیان، یەکێکیان گوتی: «بە ڕوونی بینیم – کە سوارچاکەکە بە چاوانی داخراوەوە دەجەنگا! ڕەنگە ئەو خەوگەڕ بێت؟» سـانچۆ پانزا وەڵامی دایەوە «نەخێر، من ئەوە دەزانم، ئەو تەنها شـــــەکەت و مـاندووە». ئەوی دیکە گوتی: «کاتێک خەڵک ماندوون، ناجەنگن». پاشـــان ســـانچۆ پانزا بە فیز و لەخـۆبـاییبـوونەوە گـوتـی «ئـێـمە دەجەنـگـیـن!» بەڵام خـاوەن کاروانسەراکە لەژوورەکەی خۆیەوە تا کازیوە دەیلوراند و دەیبۆڵاند.

## سوارچاکەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا

بەر بەوە نەدەگیرا کە دۆن کیشـــوات پێی وابوو مەتارە و مشـــکیی شـــەرابەکان دێو و درنج و جادووگەرن و بۆ ئەمەش شـــایســـتەی پاداشـــتە نەک ســـزا و قەرەبووکردنەوە. لە کۆتاییدا، ســـانچۆ پانزا بەنهێنی هەندێک پارچە زێڕی بە خاوەن کاروانســـەراکە دا وەک قەرەبوو بۆ ڕشتنی ئەو هەموو شەرابە سوورە، و بۆیە کەس چیتر لاری نەبوو. خـاوەن کـاروانســـەراکە پـارەی خۆی دەســـتکەوت. ســـــوارچـاکەکە دێو و جـادووگەری خۆی هەبوون. میوانەکـانیش کۆمەڵێک خۆشی و گاڵتە و گەپیان بەنسیب بوو.

کاتێک دۆن کیخۆت شـــەوی دواتر ڕایگەیاند کە دەبێت پاســـەوانی قەڵاکە لە شـــەودا بکرێت و ئەو خۆشـــی ئەرکی یەکەم شـــەوی ئێشـکگری لەئەسـتۆ دەگرێت و بۆ ئەمەش هەموان ڕەزامەند بوون. بەتەواوی وریـا دەبێت لەوەی بە هیچ کلۆجێک ڕێگە نەدات دێو و جـادووگەری تـازە دزە بکەنە نـاو قەڵاکەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی ڕووداوەکەی دوێنـێ بکەنەوە. هەرکە تـاریـک داهـات، ڕمەکەی بەدەســتەوە گرت، ســواری ئەســپەکەی بوو و خۆی لە حەوشـەی قەڵاکە جێگیر کرد. ئەســـپ و ســـوارچاک نەدەجووڵان و زیاتر لە مۆنۆمێنتێک دەچوون تا زیندەوەر.

هەرکە هەموان لە خەودا ڕۆچوون، ماریتۆرن، کچە خزمەتکاتەکە و کچی خـاوەن کـاروانســـەراکە، بە حریتەحریتەوە بەســـەر بـانی

تەویلەکەدا هەڵزنان، دەریچەی بانەکە بەڕووی حەوشـــەکەدا ئاوەڵا بووبوو. پاشـــان بانگی دۆن کیخۆتیان کرد و لە دەنگێکی گۆڕاودا دەســتیان بە چرپەچرپ کرد و حیکایەتێکی ســەرکێشــیانەیان بۆ گێڕایەوە. کچی خـاوەن کـاروانســەراکە چرپـانـدی «ئەوە منم، خانمەشازادەی قەڵا و ئاخ، بەڕێز سوارچاک، من تۆم خۆشدەوێت!» ماریتۆرنە چرپـانـدی «دۆکی قەڵاکە، بـاوکە تونـد و بێبەزەییەکەی، لەبەر ئەم هۆیە ئەوی لێرە زینـدانی کردووە». کچی خــاوەن کـاروانســەراکە پـاڕایەوە «یـارمەتیم بـدە بێمە نـاو حەوشـــەی قەڵاقەکەوە! بەرزم کەرەوە بۆ ســـەر ئەســـپەکەت و لەگەڵ منـدا ئەســـپەکەت باژۆ!» کچە خزمەتکارەکە ســـوارچاکی دڵنیا کردەوە «ئەو تـا کۆتـاییی دونیـا بەدووت دەکەوێـت. و ئەگەر لەســـەر ئەسپەکەت شـوێن بۆ کەسـێکی دیکەش هەبێت، ئەوا منیش لەگەڵتان دێم!»

دۆن کیخۆت ترســا و نیگەرانی دایگرت. گوتی «خۆشـــەویســتیت شــکۆمەندم دەکات، ئەی خانمی خانەدان، بەڵام دولزینیای تۆبۆســۆ خانمی منە و منیش بۆی بەوەفا و ڕاسـتگۆم!» پاشـان کچی خاوەن کاروانســـەراکە دایە قوڵپی گریان. و ماریتۆرنە پاڕایەوە «لانی کەم تۆقەی ماڵاوایی لەگەڵ بکە!» کچی خاوەن کاروانســەراکە غەمگینانە ئاهێکی هەڵکێشـا «عاشـق و شــەیدای دەســتم!» دواتر لە ڕاســتیدا ســـوارچاک هەڵزنایە ســـەر زینی ڕۆزیناتەکە و دەســـتی بەنێو دەریچەی بانەکەدا درێژ کرد. دوو کچەکەی دیکە تەنها چاوەڕوانی

ئەمە بوون! قوڵفەیەکی کەمەندی گوریسی توند پێچراویان لە دەست ئاڵاند، سەری گوریسەکەیان بە بنمیچی سەقفەکەوە بەستەوە و بە قاقاوە ڕایان کردە سەر جێگاکانیان.

ئێستا دۆن کیخۆت دەستێکی بەستراو بە قوڵفەی کەمەندی گوریسەوە لەسەر ئەسپەکەی وەستابوو، نە دەیتوانی بۆ پێش نە بۆ پاش ببزوێت! خۆشبەختانە، ئەسپەکە شەکەت و وزەی لەبەر بڕابوو، و خەو بردبوویەوە و نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی ببزوێت. بەڵام کاتژمێریش زۆر هێواش و لەسەرخۆ دەڕۆیشت. لە مەودایەکی دوورەوە، دەنگی زەنگی کاتژمێری سەر بورجەکان دەبیسترا. شەو بەدرەنگی تێدەپەڕی. و ئێستانەکانی سوارچاکیان ئازار دەدا. وەستابوو، وەستابوو و دیسان هەر وەستابوو و نەیدەتوانی دەستی لە قوڵفەی گوریسەکە دەربهێنێت. خۆر هەڵهات. باڵندەکان دەیانخوێند. دۆن کیخۆت بە پێوە وەستابوو و نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی ببزوێت.

بەرەو کازیوە، چوار ئەسپسوار خۆیان بە حەوشەکەدا کرد. خۆیان و ئەسپەکانیان برسی و تینوو بوون، و پیاوەکان بە دەنگی بەرزەوە بانگی خاوەن کاروانسەراکەیان کرد. لەناکاو چاویان کەوتە سەر سوارچاکەکە، پۆشتە و زرێپۆش بەسەر ئەسپەکەیەوە وەستابوو، دەستێکی بە هەواوە بوو و ڕووی لە دیوار بوو، زۆر بەم دیمەنە حەپەسا بوون. یەکێک لە چوار ئەسپەکانیش حەپەسابوو و بەپرتاو نزیک بووەوە. پاشان ئەسپەکەی دۆن کیخۆت بە فزولییەوە خۆی

ســـووڕاند، هەنگاوێک چووە ئەو لاوە – و ئیتر ئەمەش واتا هەر لە ســـەرەتـاوە دۆن کیخۆت لەنێوان ئـاســـمـان و زەوی، لە هەوادا هەڵپەسێرابوو!

بە ئاســـمانەوە هەڵواســـرابوو و شـــێتانە هاواری دەکرد، چونکە گوریســـەکە وازی نەدەهێنا و دەســـت و مەچەکی دۆن کیخۆتیش لە جومگە دەرچووبوون. مـاریتۆرنە، کچە خزمەتکـارەکە، بە خێرایی ڕای کردە ســـەر بانی تەویلەکە و گوریســـەکەی پچڕاند. لە هەمان دەمدا، ســـوارچاک، تێکشـــکاو، بەر بووەوە و کەوتە ناوەڕاســـتی حەوشـــەکە. ئەوان هەڵیـانگرتەوە، بردیـانە ســـەر جێگـاکەی و ئێســقانەکانیان دووبارە هێنایەوە شــوێنی خۆیان. پاشــان هەمووان دەیانویست بزانن چۆن دەستی ڕۆ چووەتە نێو قوڵفەی گوریسەکە و بە ئاســـمانەوە هەڵواســـراوە. بەڵام تەنها گوتی کە جادووگەرانی ترسناک ئەویان بەو گوریسە بەستووەتەوە و هەڵیانواسیوە. و ئەمە هەموو ئەو شتە بوو دەیتوانی بیگێڕێتەوە.

## لە قەفەسدا بەرەوماڵەوە

لەو سەروبەندەدا، بەتاسە و جددییەوە بەدووی ئەو و پیاوە خرپنە کورتەبنە چکۆلەکەدا دەگەڕان. یەکەم جار قەشە و سەرتاش، هاوڕێکانیان لە گوندەکەوە، و پاشان پۆلیس بەدوویاندا وێڵ بوو. و لە هەموو ئیسپانیا جگە لە دۆن کیخۆت هیچ کەسێکی دیکە وەک سوارچاک بەو ناوەدا هاتوچۆی نەبوو، لەبەرئەوە دووانەکە بەزوویی دەبینرێنەوە. دەستە شکاوەکەی ئێستا باشتر بوبوو و، لە بەردەمی کاروانسەراکە دانیشتن و لێگەڕان تیشکی خۆر لێیان بدات. لەگەڵ ئەوەی حەزیان دەکرد لە تارماییدا بمێننەوە و ئاشکرا نەبن، کەچی بە بینینەوەی قەشە و سەرتاشەکە خۆشحاڵ بوون. بەڵام بە هیچ کلۆجێک بە گەیشتنی پۆلیسەکان خۆشحاڵ نەبوون. کێ هەیە خۆشحاڵ بێت بزانێت پۆلیس بەدوویدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە!

دەیانویست ئەو و سانچۆ پانزا قۆڵبەست بکەن! بە تاوانی بەڕەڵاککردنی حەوت تاوانباری سەر کەشتی، کوشتنی حەوت مەڕ، کوتانی هێسترسواران، بێزارکردنی خانمانی گەشتیار، پەلاماردانی بازرگانان، تێکدانی ئاشێکی هەوایی، تێکدان و شێواندنی پرۆسەیەکی بەخاکسپاردن بە خراپکردنی دارمەیتەکەوە– بە کورتی، پۆلیس بەباشی دەیزانی و ئاگاداربوو، ئەفسەری پۆلیسیش لیستێکی دوور و درێژی بڕیاری ترسناکی خوێندنەوە. بەڵام لە پەیوەندیدا بە دۆن کیخۆتەوە بەڕاستی ئەدرەسێکی هەڵەی گرتبووەوە بەر. «چۆن دەوێریت؟» وەها هاواری کرد سوارچاک «من پشتی دێوانم

شـــــکاندوون، شـــــازادەم ڕزگار کردوون، یارمەتی هەژارانم داون، جادووگەرانم تەفروتونا کردوون و پاشـەکشـەم بە سوپای دوژمنان کردووە و نـاچـارم کردوون هەڵبێن! پـاشـــــا دەبێت هەریمێکم پێ ببەخشـــــێـت نەک حەیتەیەکی وەک تـۆم بـۆ بـنـێـرێـت! ئـاخ، ناسـوپاسـگوزاری، بەخشـشـی جیهانە!» پاشـان ئەفسـەری پۆلیس بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ تێیڕامـا و دوایی گوتی «تۆ شـــێـت و شـووریت!» هەرکە ئەوەی لەدەم دەرچوو، قشـەکە دووری خستەوە و بە هێمنی پێی گوت «کـاپتن ئێوە تەواو لەســـــەر حەقن!» بە غەمگینییەوە گوتی، «هاوڕێکەم برێک شێتۆکەیە!». ئەفسـەری پۆلیس بە تووڕەیییەوە پرســی «کەمێک؟» قەشــەکە گوتی «کەمێک زۆرتر! چ کەمێک شـێتۆکەیی یان برێک زیاتر – هۆکار نییە قۆڵبەستی بکەن و لە زیندانی قایم کەن!». ئەفســـــەر گوتی «ئەی بۆ نابێت؟ ئەگەر کەســـێک هێرش بکاتە ســـەر مێگەلی مەڕان و حەوت مەڕ بکوژێت، گرنگ نییە کێ ئەم کارە دەکات، چەتەیە یان شــێتۆکە. حەوت مەڕی مردوو، حەوت مەڕی مردووە. و هاوڕێکەشـــتان زیاتر لە کوشـــتنی حەوت مەڕی بەتەنگەوەیە. ئەو کەسێکی ترسناکە و دەبێت قۆڵبەست بکرێت. تەواو و بڕایەوە!»

قەشــــە پاڕایەوە «لێی گەڕێن بۆ من. من دەیبەمەوەماڵەوە و چیتر لێناگەڕێین لەبەر چاوانمان ون بێت. بەڵام ئەو هەمیشـــــە شـــێتۆکە نەبووە! و لە ماڵەوە، بە چاودێریی باش و ڕاوێژی توندەوە، دووبارە بۆ دۆخی ئاســـایی دەگەڕێتەوە!» ئەفســـەر پرســـی «ئەی ئەگەر لە

ڕێگای بەرەو ماڵەوە لە دەســتت ڕای کرد؟» قەشــە وەڵامی دایەوە «ئەو لە دەستم ڕا ناکات، من بەڵێنت دەدەمێ!»

بۆیە وا ڕوویدا ڕۆژی دواتر گوێزەرەوەیەکی نامۆ بە ئاراســـتەی ماڵەوەدا دەجوولاً: لەسەر عەرەبانەیەکی بەگاوە بەستراو قەفەسێکی دارین هەبوو. لەناو قەفەســەکەدا، هەندێک حەســیر ڕاخرابوون و بە دەســـتانی بەســـتراوەوە، دۆن کیخۆت لەوێ قایم کرابوو. و بە تەنیشـــتییەوە قەشـــە، ســـەرتاش و ســـانچۆ پانزا تاویان دەدا، دەیانویست دڵنیابن لەوەی سوارچاک هەر لەناو قەفەسـەکەی دایە. بۆ ئەوەی حیکایەتە درێژەکە کورت بکەینەوە: ئەو بە دانیشـــتوویی مابووەوە و تەنانەت ئەو گەشتە نامۆیەی بەرەو ماڵەوەی بە شتێکی گرنگ دەهاتە بەرچاو! (کەسانێک دەبێت شتانێک لەبارەی شێتانەوە بزانن!)

هەرکە گەیشتنەوە ماڵێ، دۆن کیخۆتیان بردە ژووری کارکردنەکەی و لەوێ حەپسیان کرد. ڕێکخەری ماڵ و خوشکەزاکەی ئاسانکارییان بۆ دەکرد، ئارامیان دەکردەوە و دەیانبردە ســەر جێگاکەی. پاشــان ســـانچۆ پانزا گەڕایەوە لای هاوژینەکەی و منداڵەکانی و ماچێکی کردن. خانم پانزا دوای ماچەکە پرســـی «چیت لەگەڵ خۆت بۆ هێناوم؟» هاوســەرەکەی گوتی «برســێتییەکی زەبەلاح» و لەســەر مێزەکە دانیشـــت. ژنەکە پرســـی «هیچی دیکەت نەهێناوە؟» و نائومێدییەکی گەورەی تێدا دروســـت بوو. پیاوەکە گوتی «جاری داهاتوو باشتر دەبم. تۆ دوورگەیەکت پێ دەبەخشرێت یاخود دەبیتە

خانمەپارێزگار». ژنە پرســـــی «من دەبێت چی لە دوورگەکە بکەم؟ مـاڵەکەمـان بۆ ئەمە زۆر چکۆلەیە! و ئەی خـانمەپـارێزگـار چییە؟» بەڕێز پانزا وەڵامی دایەوە «ژنی پارێزگار!» - پاشــــان خانم پانزا پرســــی «ئەی پارێزگارێک چییە؟» - بەڕێز پانزا گوتی «مێردی خـانمەپـارێزگـارێک!» و دوایی خـانم پـانزا گوتی «ئەهـا ئێســـتـا تێگەیشتم!»

## قەڵای سەرئاو و مەلەوانگەی شەپۆلاویی

بۆ ماوەیەکی کەم هەموو شتێک بەباشی دەڕۆیشت. دۆن کیخۆت لە ماڵەوە مایەوە، خۆراکی پێ دەدرا و تێر دەکرا، زۆر دەخەوت و هێواش هێواش هێزی بە بەردا دەهاتەوە. سانچۆ پانزا ڕۆژانە سەری لێدەدا. سەریان بەسەری یەکەوە نابوو، بە گوێی یەکدا دەیانچرپاند، چاویان لەیەک دادەگرت – و لە ڕۆژێکی خۆشدا دووبارە بزر بوونەوە!

ئەم جارە دەیانویست بڕۆنە ساراگۆزا، چونکە بیستبوویان، لەوێ، لە ڕۆژی قەشە جۆرجدا کێبڕکێیەکی فرەلایەنی گەورە ڕوو دەدات. بە دڵنیاییەوە دۆن کیخۆت دەیویست بەشداری لەو کێبڕکێیەدا بکات و وەک براوە تاجی لەسەر بنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش سوێندی خواردبوو لەسەر ڕێگا بەدووی هیچ سەرکێشییەکدا نەگەڕێت، چونکە ڕێک و ڕاست دەیویست لە کاتی خۆیدا بگاتە ساراگۆزا. بەڵام ئەوە سەرکێشییەکان بوون بەدوویەوە بوون، ئەو نەیدەویست بیاندۆزێتەوە، بەڵام ئەوان دۆن کیخۆتیان دۆزییەوە. ئەویش ئامادەیی ئەوەی تیا نەبوو خۆی لە سەرکێشییەکان لا بدات.

بۆ نموونە، ئەوان ڕووبەڕووی سێ شێر بوونەوە، کە ژەنەڕاڵی ئۆران وەک دیاری بۆ پاشای ئیسپانیای ناردبوو. شێرەکان لەنێو قەفەسدا بوون و سوارچاکەکەش دەیتوانی لە پشتیانەوە ئەسپی خۆی تاوبدات. بەڵام ئازایەتییەکەی ڕێگەی ئەوەی پێ نەدەدا. زۆری

لە سـەربازەکان کرد قەفەسـی گەورەترین شـێر ئاوەڵا بکەن. لەبەر ئەوەی بە ڕمەکەی هەڕەشـــەی لێ کردن، چوونە ژێربارییەوە، بە ترس و لەرزەوە ڕایان کردە ناو مەزراکەوە و چاوەڕوانی ڕوودانی شتی تۆقێنەر بوون. دۆن کیخۆت هاواری لێ هەستا «وەرە دەرەوە هەی پاشـای بیابان!»، بە ڕمەکەیەوە ختووکەی شـێرە گەورەکەی دەدا. «با ببینین کامەمان بەهێزترینە!» بەڵام شـێرەکە تەنها سـەرە زەبەلاحەکەی سـووڕاند، کەمێک چاوی تروکاند، باوێشـکی دا و خەوی لێکەوتەوە. لەبەر ئەوەی سـوارچاکەکە کاتی زۆر کەم بوو، لەگەڵ سـانچۆ پانزا بۆی دەرچوو بێ ئەوەی هیچ شـتێکی شـایانی باسی بەدەست بکەوێت.

ڕۆژی دواتر بە خۆبەستنەوە بە گوریس بە ئەشکەوتی مۆنتێسینۆدا شـۆڕ بووەوە، کە پێش ئەو هیچ کەسـێک بۆی نەچووبوو و کاتێک دوای چەندین کاتژمێر هاتە دەرەوە، هەندێک شتی سەیروسەمەرە و سـەرسـوڕهێنەری گێڕانەوە کە لەژێر زەویدا هاتبوونە بەردەمی. سـانچۆ پانزا تا توانیی زیرەکانەترین کاری ئەنجام دا: باوەڕی بە هەر وشـەیەک هێنا. – و لە ئێوارەدا، کاتێک سـەردانی شـانۆیەکی بووکەڵەی گەڕۆک دەکەن، دۆن کیخۆت بە شـمشـێرە لە کێلان هەڵکێشـراوەکەیەوە خۆی بەو مەیدانی جەنگەدا دەکات کە لەسـەر سـەکۆی شـانۆکە ڕوو دەدات! هەموو شـتێک تەفروتوونا دەکات: بووکەڵەکان، کەرەسـتەکانی ڕازاندنەوە و پەردە ئەسـتوورە ئەرخەوانییەکە! بینەران بە ترس و تۆقینەوە ڕاکەڕاکیان بوو، و

دەرهێنەری شـــانۆکەش لیســـتێکی زۆر دوور و درێژی پێژماردنی هێنا کە ســـانچۆ پانزا بە ڕقەوە هەمووی دا. ئەگەرنا، دەرهێنەرەکە گوتی، بانگی پۆلیس دەکات. و سوارچاکە لەڕ و لاوازەکە و مەیتەرە خرپنە چکۆلەکە هەرگیز هیچ فزولییەکیـان ســـەبـارەت بە پۆلیس نەبوو.

لە ڕەوتی گەشتەکەیاندا بۆ ساراگۆزا، لە کۆتاییدا گەیشتنە ڕووباری ئیبرۆ و لە کەناری ڕووبارەکە بەلەمێکی ڕاوەماســـی بەجێهێڵراویان دۆزییەوە. ســوارچاکەکە پرســیی: «ئایا کەشــتی دەبینی؟» ســانچۆ پانزا وەڵامی دایەوە: «نەخێر، تەنها بەلەمێکی ماســـیگرتن دەبینم، نەک شــتی دیکە» - «کەشــتییەکە لەلایەن جادووگەرێکەوە بۆ ئێمە نێردراوە تـا لەوانەوە بتوانین ســـەری بکەوین و پـاشـــا یـان خـانمەشـــازادەیەکی گیراوی پێ ڕزگـار بکەین!» مەیتەرە خرپنە چکۆلەکە نەیتوانی خۆی بەرانبەر بەم دەربڕینانە بگرێت. ئەســـپ و کەرەکەیـان لە دارچنـارێـک بەســـتەوە، بە بەلەمەکەدا هەڵزنـان و ســـەرکەوتن، و بەرەو نـاو ڕووبـارەکەیـان برد. و کەرەکە لە کەنارەکەوە چارەڕەشانە دەیزەڕاند.

جا لەبەر ئەوەی ســەولّیان پێ نەبوو، ڕەوتی ڕووبار ئەو شــتەی بۆ دەکردن کە دەیانویســـت لەگەڵ بەلەمەکەدا بیکەن. و لەبەر ئەوەی ئاشـــێکی هەوایی لە نزیکەوە بە ویلە پەروانەکەیەوە کاری دەکرد، بەلەمەکە بەبێ وەســتان شــۆڕ دەبووەوە نێو گێژاوی گەورەی ئاشــە هەواییەکەوە. دۆن کیخۆت نەڕانـدی: «ئەو قەڵای ســـەرئـاوە

دەبینی؟»، بە جۆرێک بازی دا، کە بەلەمەکە وەختبوو وەرگەڕێت و شـمشـێرەکەی لە کالان هەڵکێشـا. سـانچۆ پانزا گوتی «ئەمە تەنها ئاشـــە، و ئێمە دەکەوینە ژێر ویلەکانییەوە!» لەو ئان و سـاتەدا ئاشەوانان بە کۆڵەکەی درێژ و سەوڵەوە ڕایان کردە بەردەم ئاشەکە تا پاڵ بە بەلەمەکەوە بنێن پێش ئەوەی لە ویلە پەروانەییەکان نزیکتر ببێتەوە. ئاشـــەوانان بەهۆی هاڕینی ئاردەوە دەموچاویان سـپی بووبوو و لە خێو دەچوون. دۆن کیخۆت شمشێرەکەی ڕاوەشاند و هاواری کرد: «زیندانییەکان بەڕەڵا کەن! پاشـا یان شـازادەخانم یاخود هەر کەسـێکی دیکە بێت، ئازادیان کەن!» و هەر زوو بە جۆرێک هێرشی برد وەک کەسێک خاوەنی سەوڵ و کۆڵەکە بێت و شێت و هار بووبێت کە ئاشەوانان هەوڵیان دەدا بەلەمەکە لە چوونە ژێر ویلە پەروانەییەکە ڕزگار بکەن. بەلەمەکە وەرگەڕا. سـوارچاک و پیاوە خرپنە چکۆلەکە کەوتنە نێو ڕووبارەکەوە. و ئەگەر چەند ماسـیگرێک چاویان بۆ دۆزینەوەی بەلەمە دزراوەکە نەگێڕابا، سـوارچاک و مەیتەر وەک دوو مشـک نوقمی نێو ئاوەکە دەبوون. ئەوان کەشـتیوانە نقوومبووەکەیان لە ئاوەکە دەرهێنا و دەبوو بینیبێتیان چۆن کەشـتییەکەی دۆن کیخۆت کەوتووەتە ژێر باڵەکانی ویلە پەروانەییەکانی ئاشـەکە و هەڵوەشـاوەتەوە و پارچە پارچە بووە. جارێکی دیکە سانچۆ پانزا ناچار بوو کیسەپارەی گەشتەکەی دەربهێنێت و بیژمێرێت. ماسـیگرەکان پارەی نەختی خۆیان بۆ بەلەمە تێکشـکاوەکە وەرگرت. ئینجا ئەوان دوو یاوەرە سـەیر و

ســــەمەرەکەیان گەڕاندەوە کەناری ڕووبارەکە، لەوێ کە ئەســــپ و کەرەکە لەو لەوەڕگایە بە ئارامی چاوەڕوانی خاوەنەکانیان دەکرد.

سوارچاک گوتی: «شەرمەزارم و تەریق دەبمەوە، چونکە نەمانتوانی پاشا، شازادەخانم یان هەر کەسێکی دیکە کە گیراوە، ڕزگار بکەین». پانزا گوتی: «منیش ســــوورهەڵگەڕاوم و شــــەرمەزارم، بەوەی پارە جوانەکەی تۆمان بە خوت و خۆڕایی بەهەدەر دا». پاشــان جلەکانی خۆیان و لغاوی ئاژەڵەکانیان لەســەر زەوییەکە دانا، و لەژێر خۆری دوانیوەڕۆدا خۆیان وشــک کردەوە. ســـانچۆ پانزا خەو بردییەوە و خەونی بینی ســــەروەرەکەی جێهێشــــتووە و بە پەلە بەرەو ماڵەوە کەرەکەی تاو دەدات. هەندێک جار خەڵک خەون بەوەوە دەبینن کە حەزدەکەن ئەنجامی بدەن، بەڵام هەرگیز لە ژیانی ڕاســــتەقینەدا ئەنجامی نادەن.

## فڕین بەسەر ئەسپی دارینەوە

و هێشتا لە ساراگۆزا نەبوون! و دووبارە شتێکی دیکە هاتە سەر ڕێیان! لە ناوەڕاستی دارستانێکدا گەیشتنە کۆمەڵەیەکی ڕاوکەری شایانە، و دوک، کە خاوەنی دارستانەکە و چەندین گوند و قەڵایەکی شکۆمەند و سەرسوڕهێنەر بوو، بانگهێشتی کردن بۆ ماوەیەک میوانی ئەو بن. و کاتێک خانمی دوشیزەش داوای کرد، جوان نەدەبوو ئەگەر بانگهێشتەکە ڕەتکرابایەوە.

لەبەر ئەوە لە قەڵاکە مانەوە، لەسەر مێزی شایانەی تایبەت بە دوک دەستیان بە نانخواردن کرد و دەبوو هەموو سەرکێشییەکانیان بگێڕنەوە. هەردوو دوک و خانمی دووشیزە و خزمان و ئاشنایانیان کەیفێکی زۆریان بە گێڕانەوەکان هات و بەردەوام بە جۆرێک قاقایان لێ دەدا کە نەیاندەتوانی دەست بۆ خواردن بەرن. تەنها قەشەکە لە تووڕەییاندا ئاگری لێدەباری و لە ئێوارەی سێیەمدا، بە سووربوونەوە گوتی: «ئەی دوک، تێرم لە حیکایەتی بێمانای ئەو دوو شێتۆکەیە خوارد و تۆش بەردەوام پێی پێدەکەنیت! هەرکە دوو کابراکە ڕۆیشتن، تۆ دەتوانیت کەسێکم بەدوودا بنێریت! تا ئەو کاتە لە بارەگای قەشەیەتیی خۆمدا دەمێنمەوە! شەو شاد». دوای ئەمە هەڵسا سەرپێ و بۆی دەرچوو.

لەو ساتەوە لە قەڵاکەدا تەنها خۆشی و شادی بەو ناوەدا دەهات و دەچوو. خانمی دووشیزە، دوک و خانەدانەکانی دیکە بە جۆرێک

خۆیان دەرخســــت، وەک بڵێیت، کتومت هاوشــــێوەی دۆن کیخۆت، باوەڕیان بە دێوەزمەکان، جادووگەران، خێو و سوارچاکانی گەڕۆک هێناوە و تەنها نەیاندەتوانی تەواو بیبیســتن. لە ڕابردوودا هەمیشــە بە بێزارییەوە کاتیان بەڕێ دەکرد، ئێستا کات هێندە خێرابوو دەفڕی و تەنها یەک نیگەرانییان هەبوو: دەشــــێت دۆن کیخۆت بەجێیان بێڵێت. ڕۆژێک کاتەکەی هات. لە بەردەم دوک و خانمی دووشــیزەدا چەمایەوە و گوتی: «ئێســــتا من هەموو ســـــەرکێشــــییەکانم بۆ گێڕاونەتەوە، و هەروەها هەرچیم لەبارەی دێو و جادووگەرانیش زانیوە بۆم باس کردوون. لەبەر ئەوە ڕێگە بە من و مەیتەرەکەم بدەن بڕۆین، دەمانەوێت کۆمەڵە سەرکێشییەکی دیکە لە ساراگۆزا و شوێنانی دیکە تاقی بکەینەوە». دوک هاواری کرد «ئێوە دەمێننەوە، نەک تەنها لە دوور، لێرەش سەرکێشی زۆر هەن!» سوارچاک گوتی «ئەگەر لێرە، لەم نزیکانە ســــەرکێشــــی هەبن، بۆ ماوەیەکی زیاتر دەمێنینەوە، بەڕێز دوک».

لەبەر ئەوە بــانگی هــاوڕێکــانی کرد و بیریــان لە حیکــایەتێکی باوەڕپێنەکراو کردەوە کە بە هۆیەوە سوارچاکەکە سەرسام بکەن و خۆشــــیان لە ژێرەوە لەبارەیەوە مقۆ مقۆ بکەن. ئەمەش حیکایەتی ژنێکی ڕیشن، مالامبرونۆی جادووگەر و ئەسپی دارین بوو! و ڕێک شەوی دواتر سەرکێشییەکەیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ســـــەروبەندی نانی ئێوارەدا، ژنانێکی زۆر لەناکاو بە ڕیش و دەموچاوی داپۆشراویان بە قژ سەروسەکوتیان دەرکەوت. دەگریان،

خۆیان دەخستە سەر زەوییەکە و داوای بەهاناوەچوونیان دەکرد. دێوەکە و مالامبرونۆی جادووگەر بە جادوو ڕیشی لە ڕوخساریان ڕواندبوو، لە ماڵەکانیان، لە پاشایەتیی خاندایا وەدەرنرابوون، و سوێندیان خواردبوو تەنها ئەو کاتە لەو ڕیش و قژە قێزەونە ڕزگار دەکرێن ئەگەر دۆن کیخۆت بدۆزنەوە و جادووگەرەکەش دەیویست لەگەڵیدا بجەنگێت.

لەبەر ئەوە دۆن کیخۆت بازی دا و هاواری لێ هەستا: «دەجەنگم! لەکوێیە ئەم مالامبرونۆیە؟ و ئەی کوانێ شمشێرەکەم؟» پاشان خانەدانترین ژنی ڕیشن وەڵامی دایەوە: «ئێوە هیچ جیاوازییەکتان لەگەڵ ئەو ناوبانگ و شانازییە نییە کە هەتانە! هەر ئەمڕۆ مالامبرونۆ ئەسپە دارینەکەی خۆی بە هەوادا دەنێرێت تا ئێوە و مەیتەرەکەتان بباتە پاشایەتییەکەی و لەوێ شەڕی دووبەدوو ئەنجام بدەن!» سانچۆ پانزا بە ترس و لەرزەوە گوتی «ئەمە بۆ کوڕی باوکم نییە».

پاشان خزمەتکارێکی دوک بە ڕاکردن خۆی کرد بە هۆڵەکەدا و ڕایگەیاند کە هەر ئێستا ئەسپێکی دارین لەسەر هەورانەوە لە باخچەکە نیشتووەتەوە و لەنگەری گرتووە! هەمووان بە ڕاکەڕاک چوونە باخچەکەوە و بەڕاستی ئەسپێک بە ناوێکی سەیروسەمەرەی وەک «مێخی دارین»[2] لەوێ وەستابوو، هەر بەڕاستی لە دار

---

[2]Zapfenholz

دروســـت کرابوو و هەر بەڕاســـتیش لەنێوان گوێچکەکانیدا مێخێک هەبوو کە دەکرا لەنێو هەوادا لێ بخوڕدرێت.

ئێســتا چاوی ســوارچاک و ســانچۆ بەســترا تا لە کاتی لێخوڕین و تاودانی ئەســپە دارینەکە بە هەوادا گێژ نەبن، هەردووکیان لەســـەر پشتی ئەسپەکە دانیشتن و هاواری ماڵئاوایی بەرز بووەوە. سەرەتا بە دەنگی بەرز و پاشـــان نەرم و هێواشـــتر، بە جۆرێک تا هەردوو تـاودەرەکە بـاوەڕ بەوە بێنن کە ئەوان وا بە ڕێگـاوەن و بە هەوادا دەفڕن. پاشـــــان خزمەتکاران لەســـــەر نوکی پێ نزیک بوونەوە، بە کوورەدەمەی هەوایی بایان دروســـــت کرد و لە بەردەم ســــــەری ئەســـــپەکەدا مەشـــــخەڵیان دەهێنا و دەبرد، تا دۆن کیخۆت و پیاوە خرپنە چکۆلەکە بەو بـاوەڕە گەیشـــــتن وا تۆفـان و گێژەڵوکە و هەورەکان و ناوچە گەرمەسێرەکان دەبڕن.

دوک و میوانەکانی بێدەنگ لە دەوروخولی ئەســـپەکە وەســـتابوون، گوێیان بۆ گفتوگۆی دوو سوارچاکەکە ڕادێرابوو، کە پێیان وابوو وا لە بەرزایی، لە هەوادا دەفڕن، هەمووان دەمی خۆیـان تونـد گرتبوو نەدەنە قاقای پێکەنین. لە کۆتاییدا، خزمەتکارێک ئاگرێکی هەڵکرد تا گڕی مەشـخەڵێک خۆش بکات. پاشـان هەمووان ڕایان کردە ئەولاتر و پشـــت دەوەن و درەختەکان و گڕ و پێکدادانێک ڕووی دا ڕێک لە هەورەبروسکە دەچوو! دۆن کیخۆت و سانچۆ پانزا بەڕاستی بەنێو هەوادا فڕین، ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بووبێت! پاشـــــان وەک کۆمەڵە

گوێنییەکی پڕ لە خەڵوز کەوتنە سەر چیمەنەکە و هەست و نەستیان لەدەست دا.



کاتێک بەهۆش خۆیان هاتنەوە، ئەسپە دارینەکە دیار نەمابوو. دوک لەسەر زەوی کەوتبوو و وای دەنواند بووراوەتەوە. ژنانی ڕیشن چیتر ڕیشیان نەمابوو و کەوتبوونە سەر دەستی یەکتر. و بە تەنیشت دۆن کیخۆتەوە پارچەڕمێک لەناو چیمەنەکە کەوتبوو، و بە ڕمەکەوە کاغەزێکی چەرمیی لکێنرابوو و لێی نووسرابوو: «من، مالامبرونۆی دێو و جادووگەر، جوانی بۆ خانمە جادوولێکراوەکان

دەگەڕێنمەوە. ئەوەندەم بەس بوو ســـــوارچاکە ئازا و بەجەرگەکە ویســــتی لەگەڵم بجەنگێت. بۆیە، جەنگی دووبەدوو چیتر پێویســــت نییە. مالامبرونۆ، دێو و جادووگەر».

ئێســتا دوکیش لە بوورانەوە نمایشــییەکەی بەهۆش هاتەوە. خۆی و هەموو ئامادەبووانی دیکە پیرۆزباییان لە خانمانی بێ ڕیش کرد و ستایشی دۆن کیخۆتیان وەک ئازاترین ئیسپانیی کرد تا ئێستا زرێی پۆشـــــی بێت. ئەمەش نەک درۆ نەبوو، چونکە، جیا لە دۆن کیخۆت، هیچ کەس لە هەموو ئیسپانیا ئەمجۆرە زرێپۆشەی لەبەر نەبوو.

## چوونە ناو بەرلشەلۆنەوە

بەم جۆرە دوک و پیاوەکانی ســـــوارچاکی داماو و مەیتەرەکەیان لەخشـــتە برد و پێیان ڕابواردن. بەڵام بە تێپەڕینی کات تەنانەت بەو باوەڕە گەیشـتن کە ئەم نمایشـە پێکەنیناوییانەش زۆر بێزارکەرن. و کـاتێـک دۆن کیخۆت جـارێکی دیکە پێی ڕاگەیـانـدن کە دەیەوێـت بڕوات، دوک داواکەی ڕەت نەکردەوە، لە بەرانبەردا پارەی بۆ ڕێگا پێدان و ڕێگەی دان بڕۆن. بە پەلە بەرەو ســـاراگۆزا تێیان تەقاند و ئەگەر لە شەودا نەکەوتبانە داوی باندێکی چەتەگەری چل کەسییەوە بە ئەگەری زۆرەوە فریای کێبڕکێ مەزنەکە دەکەوتن.

ناوی ســـەرۆکی دزان ڕۆک گوینارت بوو، لە بنەماڵەیەکی خانەدانی بەرشــــەلۆنەوە هـاتبوو، دوای ئەوەی دزەکـانی نـاو بـانـدەکەی کۆکردبووەوە، حەزی دەکـرد بگەڕێتەوە بۆ مـاڵەوە و ببێتە پیاوچاکێک، بەڵام زۆر گرت و تەنگ و چەڵەمەی نابووەوە! جێگری خاوەنشکۆی بەرشـەلۆنە وای دەکرد هەر لەو شـوێنە هەڵبواسـرێت! بۆیە ناچاربوو بەو جۆرە بمێنێتەوە کە هەیە: ســـەرۆک دز. پیاوێکی غەمگین بوو، دڵخۆش دەبوو کە ئەوانیـدیکە پێـدەکەنین. بۆیە پەیامنێرێکی ناردە لای دۆن ئەنتۆنیۆ، هاوڕێیەکی دێرین، تا گەیشتنی دۆن کیخۆت بە بەرشەلۆنەی لەکاتی خۆیدا پێ ڕابگەیەنێت.

هەر بۆیە دۆن ئەنتۆنیۆ، لەسـەر پشـتی ئەسـپ و بە یاوەری زۆرێک لە هاوڕێ و هەڤاڵە قۆشـــمە و قســـە خۆشـــەکانی، پێشـــوازی لە

ســــوارچـاکەکە کرد و هەر پێشـــتریش خزمەتکـاران لە بەردەم دەروازەی شـــــار ئامادە ببوون. ڕۆژی قەشـــــە جۆن بوو، کە بە نمایشـێکی مەزن و شـکۆمەندەوە لە بەندەر و کەناری دەریا جەژنی بۆ دەگێڕدرا. و لەبەر ئەوە دۆن کیخۆت پێی وابوو مانۆڕی کەشـتی و بەلەمە چارۆکەدارەکان، تێپەڕینی مارشی کەتیبەکان، بەرزکردنەوە و ڕاوەشـاندنی ئاڵاکان و تەقەی خۆشـی بەسـەر ئاو و وشـکانییەوە لەبەر خاتری ئەو ئەنجام دەدرێن. زیاتریش باوەڕی بەوە هێنا کاتێک تەماشاچیان، بەتایبەت جل شڕان ناویان دەهێنا «بژی دۆن کیخۆت! بژی، دۆن کیخۆت! هورا دۆن کیخۆت!»

بە شـانازییەوە سـڵاوی دەناردەوە و دەسـتی لەدەسـتی ئامادەبووان دەدا، چونکە نەیدەزانی پارچە نووســـراوێک بە پشـــتییەوە لکێنراوە! دۆن ئەنتۆنیۆ خۆی، بەدزییەوە، پێوەی لکـانـدبوو و لەســـــەری نووسرابوو: «منم سوارچاکی دلێر دۆن کیخۆت! سڵاوم لێ بکەن!»

لەبەر ئەوە دۆن کیخۆت بیری کردەوە: «ئەمە باشترین و خۆشترین ڕۆژی ژیـانی منە». هەڵخەڵەتـان و تێکەوتن شـــــتێکی مرۆییـانەیە. شـــتێکی وەهای نەدەزانی ئەم ڕۆژە ببێتە غەمناکترین ڕۆژی ژیانی. کاتێک ڕێپێوانەکە تەواو بوو، سـوارچاکێکی دیکەی لە کەنار دەریاکە بینی! مــانگێکی زیوی لە نــاوەڕاســــتی قەڵغـانەکەی هەڵکۆڵرابوو، شەپقەکەی هێنایە خوارەوە، ڕێگای پێگرت و هاواری کرد:

«خانمەکەی من دوو جار لە خانمی ئێوە نازدارترە!»

دۆن کیخۆت وەڵامی دایەوە: «تۆ درۆ دەکەت!»

سـوارچاکە قەڵغان مانگییە زیوییە بەدەسـتەکە هاواری کرد: «سـێ جار جوانتر لە دولیزینای تۆبۆسۆی تۆ!»

دۆن کیخۆت گوتی: «با چەکەکان قسەی خۆیان بکەن!»

سوارچاکەکەی دیکەش دەنگی بەرزکردەوە: «با وابێت!»

«و براوە دەبێت چارەنووسـی دۆڕاو دیاری بکات!» دۆن ئەنتۆنیۆ نـاوبژیوانێکی دامەزرانـد. ئـامـاژەی بە مەیـدانی جەنگەکە کرد، زرێپۆشـەکان، ڕم و ئەسـپەکانی پشـکنی و داوای لە هەردوو سـوارچاکەکە کرد بچنە شـوێنی خۆیان و ئاماژەی بە یەکەم خولی ڕووبەڕووبوونەوەکە کرد.

جەنگەکە کورتمەودا بوو. بەبێ پێکـدادانی ڕمەکـان، سـوارچـاکی قەڵغـان بەدەسـتی مـانگە زیوییەکە هێرشـی بردە ناوەڕاسـتی مەیدانەکەوە. ئەسـپەکەی زۆر بەهێزتر و خێراتر بوو لە ڕۆزیناتی لەڕ و لاوازی دۆن کیخۆت، سـەری شـۆڕ کردەوە ناو پەراسـووی ئەسپەکە – و دۆن کیخۆت بە چاوتروکانێک بەر زەوییەکە کەوتبوو! نەیارەکەی نووکی ڕمەکەی خستە سەر سنگی دۆن کیخۆت و گوتی: «من براوەم و فەرمانت پێدەکەم خێرا ئەسـپەکەت بەرەو ماڵەوە تاو بدەیت و زرێپۆش و ڕمەکەت بۆ ساڵێک دابنێیت!»

دۆن کیخۆت بە جددییەوە و شـــکۆمەندانە گوتی: «من دۆڕاوەکەم، بەڵێن دەدەم و دەشیپارێزم».

پاشـــان خۆی یارمەتی خۆی دا بەرزبێتەوە و ســواری ئەســپەکەی بێت، و بەبێ ئاوڕدانەوە، بەرشـەلۆنەی بەجێهێشـت. سـانچۆ پانزا بە کەرەکەیەوە بەدوویدا ڕای کرد. کاتێک لە بەرچاوان ون بوون، دۆن ئەنتۆنیۆ لە سـوارچاکە قەڵغان بەدەسـتە مانگییە زیوییەکەی پرسـی کە کێیە، گوتی «ناوم سیمسۆن کاراسکۆیە. خەڵکی شـارەکەی دۆن کیخۆتم و هـاوڕێیەکی هـاوڕێکـانی ئەوم. ئێمە نیگەرانی بووین و ئەوان ڕایانســـپاردم دۆن کیخۆت بگەڕێنمەوە ماڵەوە. لەبەر ئەوە خۆم کردبوو بە ســـوارچـاک. و هەر لەبەر ئەوەش بوو دەبوو بیبەزێنم.

دۆن ئەنتۆنیۆ بەگومانەوە پرسی: «ئایا بەڵێنەکەی دەپارێزێت؟»

ســـیمســـۆن کاراســـکۆ وەڵامی دایەوە: «دۆن کیخۆت بەڵێنەکەی دەپارێزێت!» و بەرەو کاروانســـەراکە ئەســـپەکەی تاودا تاکوو زرێپۆشەکەی دابکەنێت و جلوبەرگی ئاسایی لەبەر بکاتەوە.

دۆن کیخۆت بەڵێنەکەی دەپـارێزێت. کـاتێک لەنـاو دارســـتـانەکە پشـوویان دا، زرێپۆشـەکەی، قاچپارێزە زرێپۆشـەکەی، کڵاوخودە، شـــمشـــێر و ڕمەکەی بە دارێکی گەورەی کۆنەوە هەڵواســـی. و غەمگینانە بەرەو ماڵەوە تاویان دا. خۆشیی گەڕانەوەیان زۆر گەورە بوو. ماڵپارێزەکە، سەرتاش و قەشـەکە، خوشـکەزا و خانمی پانزا بە

گەرمی و باوەشـــــی کراوەوە پێشـــوازییان لە هەردووکیان کرد، ئەگەرچی بەبێ هیچ جۆرە سەرزەمینی پاشایەتی و سامان و پارەوە گەڕابوونەوە. خۆشـــحاڵانە گوتیان: «ئێوە دووبارە گەڕاونەتەوە و ئەمەش خۆی هەموو شتێکە!»

بۆیە هەمووان باش و خۆشـــحاڵ دەردەکەوتن. دۆن کیخۆت عەقڵی بەبەردا هاتبووەوە و بە ســـەرکێشـــییەکانی پێدەکەنی. و هاوڕێکانی زیاتر پێدەکەنین. بەڵام ڕۆژێک بەرەو شـــوێنی خەوەکەی ڕۆشـــیت، ماڵئاوایی لە هەمووان کرد، بەتایبەت لە ســـــانچۆ پانزا، چاوەکانی داخست، و هەرگیز بێدار نەبووەوە. دۆن کیخۆت لەگەڵ خەونەکانیدا مرد.

**سەرچاوەی وەرگێڕان:**

Erich Kästner, *Don Quchotte*, mit Zeichnungen von Horst Lemke, Cecilie Dressler Verlag, Hamburg, 1992.

**ئێریش کێستنەر:**

## گەڕان بەدووی ڕۆشنگەرییەکی پەروەردەیی باشتردا

نووسینی: پێشڕەو محەمەد

ئێریش کێســـــتنەر کە لە مێژووی چالاکیی ئەدەبی، هونەری، فیکری، کولتووری و پەروەردەییی کوردستاندا ناسراو نییە، بگرە هەر ناوی نییە، دامەزرێنەری بزووتنەوەیەکی هونەری و کولتووریی کاریگەر و بەرچاوە لە ئەڵمانیای کۆماری ڤایماردا کە بە **ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ** (*Neue Sachlichkeit*) و نەک تەنها ستایلێکی هونەری، ئەدەبی و بەرفراوانی تەلارســـازییە، بەڵکوو هەروەها هاوشـــانی شـــۆڕشـــی پیشەسازی، وەک شۆڕشی دووەمی ناو ژیانی ڕۆژانە، کولتوور و ڕادیکاڵیزەکردن و بەشـــۆڕشـــگێڕییکردنی ئەدەبیی منـداڵانیش دادەنرێت. ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** وەک بزووتنەوەیەک ســـەرەتا لە ناوەڕاستی دەیەی 1920 لە ئەڵمانیا، بەتایبەت لە بەرلین و هەروەها لە ناوەندە شارنشینییەکانی دیکەی ئەڵمانیا سەری هەڵدا. سەرەڕای بەرهەمی فۆتۆگرافی، بەڵام پەیکەرەیەکی گرنگی تابلۆ شێوەکارییەکانیش بوونیان هەبوو. شێوەکاریی **ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ** هەندێک لە جووڵە ســـتایل، فۆرماڵ و ڤیژوەڵەکانی فۆتۆگرافیی ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** دووبارە دەکاتەوە: تەرکیزی تیژ، شـەیدابوونێک

بە ڕەهەندە ئێستاتیکییەکانی تەکنەلۆژیا، و فزوڵییەت و کنەکارییەک دەربارەی شتەکان و ئۆبژێکتەکان، کە لە بەکارهێنانی کلۆز-ئەپ و گرتەی نزیکدا دەردەکەوتن. زاراوەی ئەڵمانی ***نۆیە زاخلیشکایت*** (Neue Sachlichkeit)، وەک بە دیلێک بە ***وشیاریی نوێ*** ( New Soriety)، ***بابەت و گرنگیی نوێی واقیع***(-New Matter-of Factness)، یان ***ڕیالیزمی نوێ*** وەرگێڕدراوە. ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** تەنها زاراوەیەک نەبوو لەو کاتەدا بەکار هێنرابێت بۆ باسکردن و وەسفکردنی ئەم ئاراستە تایبەتەی ناو هونەر. بەرانبەرانی دیکە، لە وەرگێڕاندا، بریتی بوون لە ناتورالیزمی نوێ، ڕیالیزمی جادوویی، ڤێریزم (حەقیقەتگەرایی-verism)، و ڕیالیزمی نوێ. لە بەشێکی ئەم فرەییەی مۆرکەکاندا فرەییەکی تەواو جیاوازی ئاراستەکان ڕەنگ دەداتەوە. ئەمە بریتی نییە لە پەیکەرەیەکی چوونییەکی بەرهەم. ***ئۆبژێکتیڤیزمی نوێ*** خاوەن تایبەتمەندێتییەکی جوگرافیایی بوو: لە درێسدن ئاراستەیەکی گاڵتەجاڕ باڵادەست بوو، لە کاتێکدا لە میونشن زیاتر ئاراستەیەکی کلاسیکیانەی وەرگرتبوو، لە بەرلین لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر ڕەخنەیی بوو و لە هانۆڤەر زیاتر کاڵفام و جادوویی بوو[3]. ئەگەرچی لێرەدا ناتوانین هەڵوەستەی

---

[3]سەبارەت بە گرفت و ڕەخنەکانی بیرمەندانی دادابیست و مۆدێرنیست، لەوانە واڵتەر بنیامین، گیۆرگ لۆکاچ، بێرتۆلت برێشت، زیگفرید کراکاوەر و ئێرنست بلۆخ لەسەر بزووتنەوەی ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ، بگەڕێنەوە بۆ ئەم کتێبانە:
پێشڕەو محەمەد، دیالەکتیکی هونەری سێیەم: دەربارەی مۆدێرنیتە، شار، سینەما، فۆتۆگرافیی، تەکنیک، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠١٩؛ پێشڕەو محەمەد، لە کۆدگۆڕینی کانتەوە بۆ تیۆری فیلم: دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای

زیـاتر لەســـــەر ئەم بزووتنەوەیە بکەین، بەڵام دەمـانەوێـت ڕۆڵی کێستنەر و ئەدەبی ئەو لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا بناسێنین.

وەک باســـم کرد، کێســـتنەر ناوێکی ئاشـــنا نییە لە کوردســـتان، تا ئەوەنـدەی ئـاگـادار بم هیچ بەرهەمێکی نەکراوە بە کوردی و لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیشـــدا ناوی نەهاتووە، لەبەر ئەوە پێویســـتە ســـــەرەتـا بە کورتی بیناســـێنین دواتر بچینە نـاو وردەکـاریی بابەتەکەمانەوە.

ئێریش ئێمیل کێسـتنەر لە ٢٣ی شـوباتی ١٨٩٩ لە شـاری درێسـدن لەدایک بووە. دایکی، ئیدا کێسـتنەر شـوو بە ئێمیل کێسـتنەر، خەڵکی نـاوچەی دوێبلن و لە ١٨٩٢ هـاوســـــەرگیرییـان کردبوو و دوای مایەپووچبوونی کەســـابەتی زینســـازی(*Sattlergeschäft*)یان لە دوێبلن، بۆ ناوچەی نیشـــتەجێبوونی ســـەکســـۆنیا لە ١٨٩٥ کۆچیان کردبوو. ئێمیل دوای کۆچی دەبێتە کرێکاری کارگەیەک و بەردەوام ڕەتی دەکاتەوە جارێکی دیکە ببێتە خاوەنکاری خۆی هاوژینەکەی، ئیدا، کە لە خێزانێکی خاوەن کوشتارگەی ئاژەڵ و بازرگانانی ئەسپ هاتبوو، لەبەر ئەوە بڕیاری هاوســـەرەکەی نیگەرانی دەکات و بڕیار

---

ماتریالیســتیی زیگفرید کراکاوەر، ناوەندی ڕۆشـنبیریی ڕەهەند، سـلێمانیی، ٢٠٢٠؛ پێشـــڕەو محەمەد، دیالۆگە پچڕاوەکانی ڕیالیزم و مۆدێرنیزم: دەروازەیەک بۆ کورتەمێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی فۆتۆمۆنتاژ، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠.

دەدات هەموو ئارەزوو و هیواکانی بە کوڕەکەیەوە هەڵواسـێت کە حەوت ساڵ دوای هاوسەرگیرییەکەیان لەدایک بووبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشـدا دایکی ئێریش هەموو هەوڵی دا کوڕەکەی باش پەروەردە بکات. لە سـەرەتا دەیویسـت داهاتی کێسـتنەر بەرز بکاتەوە، پاشـان لە ژووری خوارەوەی ماڵەوەیان ژوورێکی بۆ ئارایش و قژبڕینی ژنان کردەوە، و کوڕەکەشـی جاروبار یارمەتی دایکی دەدا. ئەم دیمەنە لە بەناوبانگترین ڕۆمانیدا ڕەنگی داوەتەوە "ئێمیل و پشـکنەران"، کە تێیدا ئێمیلی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، لە دیمەنی یەکەمی ڕۆمـانەکەدا یـارمەتیی دایکی دەدات کـاری قژبڕینی ژنەدراوسێکەیان ئەنجام بدات.

کێستنەر تا سـاڵی ١٩١٩ لە شـاری درێسدن دەمێنێتەوە، کە دیمەنی ئەم شارە مێژووییە ڕازاوە و ئەفسانەییە بەشێکی ڕۆمانەکانی پێک دەهێنێت، لەو کاتەوە تا ١٩٢٧ لە شاری لایپتزیگ نیشتەجێ دەبێت و لە زانکۆی شارەکە مێژوو، فەلسەفە و گێرمانستیک (زمان و ئەدەبی ئەڵمـانی) دەخوێنێـت و دکتۆراکەی لەبـارەی ئەدەبی ئەڵمـانیی سـەردەمی فریدریشـی مەزن دەنووسـێت. سـاڵی ١٩٢٧ دەگوازێتەوە بۆ بەرلین، ئەو شـارەی نەک تەنها چارەنووس و ناوبانگی ئەدەبی و کولتووریی ئەو دیاری دەکات، بەڵکوو بەهۆی قەیران و شـۆڕشـە یەک لەدوای یەکەکـانەوە، و دواتر قەیرانی مەزنی ئـابوورییەوە، دەسـتپێشـخەر دەبێت لە دامەزراندنی بزووتنەوەی ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** کە لەسەرەوە بە کورتی باسمان کرد.

ســـــاڵێک دواتر ڕۆمانی **ئێمیل و پشـــــکنەران** ( Emil und die Detektive) بە نەخشـــەســـــازیی ڤاڵتەر تریەر، بڵاو دەکاتەوە. ئەم ڕۆمانە بۆ زۆربەی زمانەکانی دونیا وەرگێڕدراوە و چەندین جار فیلمی لەســــەر بەرهەم هێنراوە. چاپی یەکەمی کتێبەکە دوو ملیۆن تیراژەکەی بووە و تــا ســــــاڵی ١٩٣٣ و قەدەغەکردنی لەلایەن نـازییەکـانەوە، ٥٩ جـار چـاپ کراوەتەوە. ڕۆمـانەکە بەپێچەوانەی هەموو ئەدەبیاتی منداڵانی ئەو سەردەمە ناباوە، لە بەرلینی هاوچەرخ ڕوودەدات، نەک بەفەنتــازییکردنی بەرلین وەک جیهــانێکی دیکە. لەڕووی مۆڕاڵییەوە کارەکتەرەکان هەموویان خۆیان قســەی خۆیان دەکەن، جۆرێک ڕیتمی لە پێشـــــدا دیاریکراو نییە چارەنووســـــی هەموویان دیاری بکات. دوای ئەم ســــەرکەوتنە، بە ماوەیەکی کەم پێش هاتنی نازییەکان بۆ دەســەڵات، کێســتنەر ڕۆمانی **ئێمیل و سێ کورتەڵەکە** (Emil und die Drei Zwillinge) دەنووســێت. ئەم زنجیرە ڕۆمانە بڕیار لە چارەنووسی ژانری ئەدەبیی منداڵان دەدەن. ڕۆمانی **فابیان: حیکایەتی مۆڕاڵیســـتێک**، ١٩٣١، ســــەر بە ئەدەبیاتی منداڵان نییە، بەڵام بە یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی سەردەمی ڤـایمـار دادەنرێـت و تەنـانەت زۆرجـار لەنێوان ژانری ڕۆمـان و ســینەمادا هاتوچۆ دەکات. ئەم ڕۆمانە لەلایەن نازییەکانەوە دەخرێتە لیســـــتی **هونەر و ئەدەبی داوەشــــاو و گەندەڵ**ەوە و لە ١٩٣٣دا لە کەرنەڤاڵی ســــووتاندنی کتێبدا، دەســــووتێنرێت. بۆ بەختی خراپی کێســتنەر، دوای جەنگ، کە کۆنزەرڤاتیڤەکان دەســەڵات بەدەســتەوە دەگرن، وەک ڕۆمانێکی دژە ئەخلاقی مەســــیحیی و دژە خێزان لە

قەڵەم دەدرێت و لە دەیەی شەستدا لیبراڵەکانی سەر بە سۆسیال دیموکراتەکانیش بە بیانووی ڕەهەندی چەپڕەویی ڕۆمانەکەوە، دیسان بە فەرامۆشی دەسپێرن، بەڵام هیچێک لە هەوڵەکانی دەسەڵات نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی کێستنەر ببێتە ئەدیبێکی جیهانی و بەناوبانگ. ساڵی ١٩٣٣ هەروەها «یەکێتیی نووسەرانی ئەڵمانیی ڕایش» ( Reichsverband deutscher Schriftsteller) ئەندامێتی لە کێستنەر دەسەنرێتەوە و نووسینەکانی پێشووی دەخرێنە ژێر کاتیگۆریی «مەیلی کولتووریی بەلشەڤیزم» لە ئەدەبیاتدا، ئەو مەیل و ئاراستەیەی نازییەکان دەیانگوت دەبێت لە ئەڵمانیادا بسڕدرێتەوە.

کێستنەر بەگشتیی وەک پێداچوونەوە و گۆڕینی ستانداردەکانی ئەدەبیاتی نووسراو بۆ لاوان لە ئەڵمانیا ناسراوە. ناوبانگی ئەو یارمەتیدەر بوو لە هەڵگەڕاندنەوە و قڵپکردنەوەی ئاراستە و مەیلە سەرکوتکار و بەگشتی ستایشکراوەکانی ئەو نەریتی ئەدەبیاتەی لاوان کە لە سەدەی نۆزدەدا لەدایک بووبوو و لە جۆش و خرۆشی جەنگی یەکەمدا گەیشتبووە لوتکە. کۆمەڵگای ئەڵمانیی سەدەی نۆزدە لاوانی بە ئەدەبیاتێک ڕادەهێنا ئاسان خۆیان قوربانیی وڵاتی باوک بکەن. ئەدەبیاتێک ڕق و کینەی بەرانبەر هەشتێک دەچاند ئەڵمانی نەبوایە. ئەم مۆدێلە ئەدەبییە دەبوو قڵپ بکرێتەوە. لەناو مێژووی ئەدەبیاتی لاوان و منداڵان لە ئەڵمانیادا ڕۆمانەکانی کێستنەر بۆ لاوان بەم خەسڵەتانەی دەناسرێتەوە: بە شێوەیەکی پراگماتیک

مۆدێرن؛ شارنشینی، بەرجەستەکردنەوەی هەژاری، بەعەقڵانیبوون لە ڕێگای تەکنەلۆژیا و بەڕێوەبردنەوە، و هەروەها ئەو تێبینیکردنە وشیارانە و بەشدارییە زیرەکانەیەی گێڕانەوەکانی دەیگرنەبەر. بەهۆی «هاوچەرخێتی» ناو بەرهەمەکانییەوە، کێستنەر وەک پێشەنگی «ڕیالیزمێکی تازە»ی ناو کتێبی لاوان دەبینرێت[4]. لە سێ ڕۆمانی سەرەتایدا دەڵێت ڕێگەی داوە کارەکتەرەکانی بە هەمان شێوەی لاوانی سەر شەقام قسە بکەن، لە هەمان ئەو ئەڵمانیایەدا بژین کە ڕۆمانەکانی تێدا نووسیوە، یاخود ساتی ڕوودانیان.

کتومت هاوشێوەی چارەنووسی هاینریش هاینە کە سەرەڕای ڕەهەندی ڕۆمانتیکی چالاکیی داهێنەرانەی، بەڵام ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و تەنز دەبێتە پاڵنەری داهێنان و ئەمەش لە دیوانە شیعرییە بەناوبانگەکەیدا، **ئەڵمانیا؛ حیکایەتێکی پەریانی زستانی** (*Deutschland, ein Wintermärchen*) کە لە سەروبەندی شۆڕشی ١٨٤٨ بە ڕێگای ئاخن و کۆڵندا دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا تا بەشداری لە جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕیدا بکات و لە ڕێگادا ئەم دیوانە وەک تەنزێکی کۆمەڵایەتیی ڕەخنەگرانە بۆ سەر نەریتی کۆنزەرڤاتیڤی ئەڵمانی دەنووسێت و هەروەها وەک جۆناسان سویفت، ئێریش کێستنەریش دەبێتە ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە لە کۆماری ڤایماری ئەڵمانیا (١٩١٩-١٩٣٣)، جگە لە

---

[4]Theodor Karst, "*Realismus in der Kinder und Jugendliteratur,*" Lexikon der Kinder und jugendliteratur, vol. 3, Beltz, Weinheim, 1979, s.136.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و قووڵی سـیاسـی، تیۆری ڕادیکـاڵی پەروەردەیی دەبێتە تێمای سـەرەکیی کارکردنی کێسـتنەر و تیۆری پەروەردە دوای کێستنەر هەمان تیۆر و پراکتیکی پێشوو نامێنێتەوە. یەکێکیش لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی لەم بوارەدا، کە پێشـتر ناومان برد، **ئێمیل و پشکنەران**، بە قووڵی کاریگەری لەسەر تیۆر و پراکتیکی پەروەردەی نوێ و پێشـکەوتووخواز بەجێ هێشـتووە، و بووە بە بنچینەی چەندین قوتابخانەی پەروەردەیی و دەیان فیلمی لەسەر بەرهەم هێنراوە.

چیرۆکەکە بە کورتی باسی شارۆچکەی نۆیشتات دەکات و ئێمیل و دایکی پێکەوە دەژین و دایکی ئێمیلی ١٢ سـاڵان بۆ لای نەنکی لە بەرلین دەنێرێت، میترۆپۆلیسـێکی سـەرسـوڕهێنەر و لەناو شـەمەنەفەردا ئێمیل ئەو پارەیەی لێ دەدزرێت کە دایکی پێیداوە بیدات بە نەنکی لە بەرلین. لەگەڵ گەیشـتنی بۆ بەرلین، بۆی دەردەکەوێت پارەکەی دزراوە و بە سۆسە و گومانەکانی، دزەکەش دەناسـێتەوە و بەدووی دزەکە دەکەوێت تا لە شـەقامی نیکۆلاسـبورگەپلاتز چاودێریی دزەکە دەکات و لەوێ منداڵێک کە پاشان بە پرۆفیسـۆر دەناسرێت هۆڕنێکی دەستی لە پشتەوە لێ دەدات و چیرۆکەکە دەسـت پێ دەکات، چیرۆکی ڕاوکردنی کابرای دز. پرۆفیسـۆر و ئێمیل پێکەوە لە بە دواکەوتنی دزەکە عەقڵێکی بەڕێوەبەرانە بەکار دەهێنن. ڕۆمانەکە بە فراوانی بارودۆخ و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و دامودەزگا بیرۆکراسییەکانی کۆماری

ڤایمار دەنوێنێتەوە (چاپەمەنی، پۆلیس)، و لەو ســــەردەمەدا وەک وەک دوا ئامرازی دادگەر و عەقڵانی ســـەیر دەکران. جۆرێک عەقڵی ئامرازی، کە لە ســەردەمی ســەرهەڵدانی کرێکارانی یەخەســپیی یان ئەوەی زیگفریــد کراکــاوەر پێیــان دەڵێــت: **مووچەخۆران** ( die Angestellten) و بەهۆی بەعەقڵانیکردنی فراوانی پیشــــەکەیان و بەکولتووریبوونی ژیانیان و لەڕووی ســــیاســــییەوە بێماڵکردنیان، یاخود کردنیان بە بێماڵییەکی دەرنشـــــین ( transzendentalen Obdachlosigkeit) وای کردبوو ببنە چینێکی مەترسیدار کە بۆنی ســەرهەڵدانی مەترســییەکی گەورەی لێ دەکرا و تەنها چەند بیرمەند و هونەرمەند و ڕۆماننووســێکی دەگمەن لووتی ئەوەیان هەبوو ئەم بۆنە بناسنەوە: پەیوەندیی نازیزم و مووچەخۆران[5].

وەک بــاس کرا، کێســـــتنەر، وەک دامەزرێنەرێکی بەرجەســـــتەی بزووتنەوەی **ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ**، جۆرێک عاشــقایەتیی «ئۆبژێکتیڤ و بابەتیی تازە» لەگەڵ ڕیتمەکانی ژیانی شارنشینیی و میترۆپۆلیس ئەنجام دەدات و دەیباتە ناو حیکایەتی بەرهەمی پشــکنەری/پۆلیســی و هاوپشتی و سۆلیداریتیی منداڵانەوە – ستراتیژییەک لەگەڵ تێما و ناوەرۆکەکانی کولتووری جەماوەریی «ســاڵانی مامناوەند» (١٩٢٣-١٩٢٩)ی کۆماری ڤایمار دەگونجێت. بۆ نموونە، هەواڵنێر (دەکرێت

---

[5]بۆ زانیاریی زیاتر لەســەر ســەرهەڵدانی مووچەخۆران و پاشــان چوونیان بەرەو نازیزم و شیکاریی کراکاوەر بگەڕێنەوە بۆ:
پێشـــــڕەو محەمەد، لە کۆدگۆڕینی کــانتەوە بۆ تیۆری فیلم: دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای ماتریالیستیی زیگفرید کراکاوەر، سەرچاوەی پێشوو.

کێســــتنەر خۆی بێت) ئێمیل بەنێو کارکردن و ئۆپەراســــیۆنەکانی ڕۆژنامەدا دەبات، و ئەمەش وا دەکات کێســـتنەر ســـەرمایەگوازریی بەردینی چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی زانیاری پیشان بدات. سەرەڕای ئەمەش، میکانیزمەکانی داگەریی تاوان خێرا ئەوە دەستنیشان دەکات کە دزەکە بە تۆمەتی بڕینی بانک داوا دەکرێت و بەخششێکی گەورە دەدرێت بە پشـکنەرانی لاو. بەڵام بەخشـش و پاداشـتە داراییەکانی پیشەسازی، پرەنسیپە ئەخلاقییەکان و عەقڵانییەت شتگەلی لاوەکین، خزمەت بە تـابلۆی یەکێتیی خێزان و کۆمەڵ دەکەن، کە پەردەی ڕۆمانەکە دادەخەن.

ســــاڵی ١٩٣١ واڵتەر بنیامین وتارێکی بەناوبانگی بڵاو دەکاتەوە بە ناوی «ماخولیای چەپڕەو» (یان ماخولیای باڵی چەپ) و وتارەکە تەرخان کراوە بۆ هەڵســەنگاندنێکی ڕەخنەیی دیوانە شـیعرییە تازە چاپکراوەکەی ئێریش کێســـتنەر. لەو وتارەدا، بنیامین هەڵوێســـتێکی ناســـازشـــکارانە دەربارەی گەشـــەســـەندنی نوخبەی کولتووریی چەپڕەوی کۆمـاری ڤـایمـار دەگرێتەبەر، یـاخود ئەو نوخبە کولتوورییەی مەیلی بۆ چەپ بۆ دروســـت بووبوو و کێســـتنەر و کۆی بزووتنەوەی ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ، ســـەر بەم ئاراســـتەگۆڕینەدا بوون بەرەو چەپ[6]. ســـــەرهەڵدانی بەرچاوی ئەوەی بنیـامین پێی

[6]Walter Benjamin,*Linke Melancholie:Zu Erich Kästners neuem Gedichtbuch*, in Werke und Nachlaß. Kritische Gesamtausgabe,herausgegeben von Heinrich Kaulen, in zwei Teilbänden, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2011.

دەڵێت «توێژی ناوەڕاســـت» (Mittelschicht) کە پێکهاتوون لە «هەواڵنێران، ڕۆژنامەنووسان، بەڕێوەبەرانی بەشەکان» لەم وتارەدا وەک «توێژێکەوە کە بووە خـاوەن موڵکی ئـاشـــکرای پێگەکـانی دەســەڵاتی ئابووریی خۆی و دەسـتی کرد بە شـانازیکردن بە خۆی وەک هەر خەســـڵەتێکی ڕووت و بێ ماســـکی ڕوخســـارناســـیی ئابوورییانەی خۆی» دەکەوێتە بەر هێرشـــی ڕەخنەیییەوە[7]. بنیامین پێی وایە وەرگرتنی ژێســـتی چەپگەرانە لەلایەن کێســـتنەرەوە لە کۆماری ڤایمار نیشانەیە لەسەر «ئاوابوونی هەڵوێستی ڕۆشنبیریی چەپگەری ڕادیکاڵ» و ئەم ژێســـتە چەپگەرییە تازەیەش ناتوانێت بەهیچ جۆرێک لەو مەترســـییانە تێبگات کە لە بەردەمیدان و لەم ڕووەوە هەرگیز توانای شکستپێهێنان و تێپەڕاندنی نەیارەکانی خۆی نییە، و وادەکات پاڵنەر و لێدانە شـۆڕشـگێڕییە زیندووەکان بچنە نێو کۆمەڵێـک ئۆبژێکـت و بـابەتی هونەرییەوە کە ئـامـانجیـان تەنهـا لەپێناوی بەکاربردن دایە. ئەم چەپە بێزارە لە کولتووری بۆرژوازیی (ئەو کولتوورەی خۆی پێشـــتر بەشـێک بووە لێی) و توانای ئەوەی نەماوە چیتر بەرگەی بەرگی ساختەی کولتوور و ئەدەب و هونەری بۆرژوازی بگرێت، بۆیە ژێستی چەپ وەردەگرێت و لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاسـتی چەپ و بۆرژوازییدا ماوەتەوە و توانای نییە هەڵوێسـتی هیچ بەرەیەکیان بە تەواویی ڕوون بکاتەوە، بۆیە دووچاری جۆرێک غەمگینیی، مالیخولیایی و پرسە دەبێت و ئەم مالیخولیایەش خۆی لە

[7]هەمان سەرچاوە.

نواندنەوەی ڕووتی ئۆبژێکت و بابەتی هونەریدا ئاشکرا دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆیە بنیامین ناو لەم ڕەوتە تازەیە دەنێت «مالیخولیای چەپڕەو». کێشەکەش لەو مۆدێلەوە سەر هەڵدەدات کە بزووتنەوەکەی لەسەر دامەزراوە: ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ***، کە سەرەتا لەم وتارەدا بە کورتی باسمان کرد.

گ. ئێف. هارتلاوب لە 1923دا وەک ناو، داهێنەری ناوی ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ***یە. هارتلاوب دەیویست پێشانگایەک لەلایەن ئەو هونەرمەندانەوە بکاتەوە کە بە ئاگاییەوە بە وەفا مابوونەوە – یان ئەوانەی زیاتر بەوەفا دەبوون – بەرانبەر بە واقیعی پۆزەتیڤ و هەستپێکراو. ئەو بەرهەمەی لە پێشانگاکە دادەنرا وەک یار و ڕەزامەندێک بەرانبەر بە پەیوەندیی نوێ کراوە لەگەڵ جیهانی ئۆبژێکت، دوای زیادەڕۆییەکانی ئێکسپریسیۆنیزم دەبینرا. گیۆرگ گرۆستز، پاش-دادایيەک، پێشبینیی تێما و ناوەرۆکەکانی لە 1921دا کردبوو:

*«هەوڵ دەدەم وێنەیەکی موتڵەقەن ڕیالیستیی جیهان پیشان بدەم. [...] هێڵەکان لەسەر بنەمای تاکەکەسییەک، هاوشێوەی-فۆتۆگرافی، دەکێشرێن[...]. سەقامگیری، پێکهاتە، کاریگەریی جارێکی دیکە... کۆنترۆڵی هێڵەکە دەکەن و فۆرم دووبارە پێناسە دەکرێتەوە و دادەنرێتەوە.*

*[...] کـارکردێتیـی (functionality) [Sachlichkeit] و ڕوونێتیی نەخشـــەکانی ئەندازیارێک مۆدێلێکی باشـــتر لە چەنەبازییە کۆنترۆڵ نەکراوەکانی کابالا و میتافیزیک و نەشئەی ئایینی پیشان دەدات[8]».*

لەنێو بابەتە ســـەرەکییە زۆرترین بەکارهێنراوەکانیدا، کێســـتنەر، هێڵەکانی یەکتربڕینی شـەفەندەفەر و ئۆتۆمبێل، وایەرەکانی تەلەفون، پردەکان، گازپێوەکان، کارگەکان دەکاتە مۆدێلی نواندنەوەی ئەدەبی. تەنانەت سروشـتە بێدەنگ و بێگیانەکانیشـی (Still Life) پێشـیناری ناوەرۆک و بابەتە میکانیکیی و تەکنەلۆژییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە نواندنەوە دەقیقەکان و کتومتەکانی ژیانی ڕەق بە پیشـــاندانە نائۆرگانییەکانی سروشت دەکات. بە شێوەیەکی ئێستاتیکیی کارەکە ئاماژە و دەلالەتە لەسەر بەدەستهێنان و نوێکردنەوەی بە شێوەیەکی عورفیانە مۆدێلە ڕیالیستییەکانی شـێوەکاری: شـکڵ (بەهێماییکردن)، ڕوانگە، وردەکاری.

کێســـتنەر لە ئەدەبیاتی خۆیدا، وەک نواندنەوەی ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** – هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەرۆکیدا – وەک وابەستەیەک بەو ساتە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ســـیاســـییەوە دەمێنێتەوە کە تیدیا ســـەری

[8] Sergiusz Michalski, *New Objectivity*. Benedikt Taschen, Cologne, 1994, pp.29–33.

هەڵداوە. لە پاییزی 1923دا، حکوومەتێکی نوێ لە ئەڵمانیا کۆمەڵێک ڕێکار و بەرنامەی نوێی ئابووری ڕاگەیاند تا هەڵاوســـانی بەدناوی یەکەم قۆناغی کۆماری ڤایمار بووەستێنێت. پلانی داوز – کرێدیت و ســـەرمـــایەگوزارییەکـــانی ئەمریکـــای دەگرتەخۆی – لە 1924 دامەزرێنرا و ڕاگەیەنـدرا تـا دووبـارە ئـابووری ببووژێنێتەوە و بجووڵێنێتەوە. "قۆنـاغی دووەم"ی کۆمـاری ڤـایمـار قۆنـاغی ســـەقامگیربوون بوو، کە تا 1929 بەردەوام بوو، کاتێک قەیرانی گەورەی جیهـانی دەرکەوت، کە بەهۆی ***داڕووخـان و مـایەپووچیی واڵ ستریت***ـەوە سەری هەڵدابوو. بۆ پێنج ساڵ، یەک دۆلار حوکمی ئەڵمانیای دەکرد. هێنری فۆرد، پیشەسازی ئەمریکی، خاوەن کارگەی ئۆتۆمۆبێل، لە 1923دا پرفرۆشـــترین کتێبی خۆی بەناوی ***ژیان و بەرهەمی من***ی بڵاوکردەوە و بەخێرایی وەرگێڕدرایە ســـەر زمانی ئەڵمانی. فۆرد بە قەڵەوییەوە جەختی لەســـەر چەمکی ***ئۆبژێکتیڤیتە*** کردبووەوە، کە لای ئەو، هـاومـانـاکـانی ئەم چەمکە بریتی بوون لە: کـاریگەری، فەنکشـــنـاڵیتیی (کـارکردخوازی یـان وەزیفەخوازی)، عەقڵانییەت. زمـانی ئۆبژێکتیڤیتە، عەقڵانییەت، فەنکشـــنـاڵیزم، ئەمێریکـانیزم، لە دەیەی 1920دا بە بەرفراوانی لە ئەوروپـا بڵاو دەبێتەوە. دەنگدانەوەی ئەرگومێنتێکی دووبـارەبووەوەی ئەو کـاتە جەختی لەســـەر ئەوە دەکردەوە کە ململانێی چینـایەتی و خەبـاتی چینـایەتی کۆتـاییـان پێ هـاتووە، چونکە بەڕێوەبەران و کرێکـاران ئێســـتا دان بە بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە بەڕێوەبردنی کاریگەر و گونجاوی پیشـەسـازیدا دەنێن. فۆرد خەونی بە پیشـەسـازییەوە وەک

سـیسـتەمێک دەبینی کە دەیتوانی کار بکات بەبێ هەسـت و ماندووبوون، ئەگەر بە شـێوەیەکی کاریگەرانە، ئۆبژێکتیڤییانە و زانستییانە ڕێک بخرێت و بەڕێوە ببرێت. سـەرمایەی ئەمریکی نەک تەنها بڕی سـەرمایەگوزاریکراو هەناردە دەکات بۆ توانا بەرهەمهێنەرەکان، بەڵکوو هەروەها، وەک دیارە، تەوژمێکی ئایدیۆلۆژییش هەناردە دەکات، کە فێڵبازانە سـیحر لە بەش و کەرتەکانی کۆمەڵگا دەکات، بەتایبەت هەندێک لە ڕۆشـنبیران: گۆڕینیان بۆ لایەنگرانی ئۆبژێکتیڤیزم، ئوربانیزم، عەقڵانییەت و تەکنەلۆژیا و بەلاڕێدابردن و دوورخستنەوەیان لە ئامانجە شۆڕشگێڕییەکان. سـەرمایەداری بەباشی ڕێکخراو دەتوانێت بۆ هەمیشە درێژە بکێشێت و بەردەوام بێت. ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** – بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بەرچاو – لەنێو ئەم ژینگە نوێیەدا ڕوو دەدات (ئەگەر بۆ هەمیشەیی نەبێت)، کە ئارەزووەکەی تەواو جیاواز بوو لە سالانی ناسەقامگیری، جەنگ، و شۆڕش، کە ببووە هۆی سەرهەڵدانی ئێکسپریسیۆنیزم.

***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** پێشـنباری تەرکیزێکی نوێتری بۆ سـەر ئۆبژێکتەکان کرد. بەڵام پێکهێنەرێکی دیکە بۆ ئۆبژێکتیڤیتە هەبوو. ئاماژەی بە بەها-بێلایەنیی (نیۆترالیتی) دەکرد. لە لایەکەوە، ئۆبژێکتیڤیتە، ***زاخلیشکایت***، پێشنیاری بیرکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی واقیعی دەرەکیی دەکات، نواندنەوەیەکی فۆتۆگرافی (photographic representation)؛ لە لایەکی دیکەوە، بەبێ

گومان، لەنێو بەرهەمێکی زۆری هونەرمەنداندا، ئاراستەیەک، ڕەفتار و سلوکێکی ئۆبژێکتیڤ دەستنیشان دەکات کە حەقیقەت دەربارەی واقیع ئاشکرا دەکات، ڕێچکەیەک بەرانبەر بە واقیع کە خەریکی ئایدیالیزەکردن نابێت و بە بەڕەمزیکردنەکان، ئایدۆلۆژییەکان و نادروستییەکاندا تێپەڕ دەبێت. ڕاڤەکاران بەگشتی وەسفکارانی وەک «گاڵتەجاڕی»، «سارد» و «لابراو و جیاکراوە»یان داوەتە پاڵ کارەکانی ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ***. ئەو کارانەی وەها دەبینران ڕەتکردنەوەیەکی هیومانیزم، ڕەتکردنەوەیەکی یاریکردنی گەمەی هونەرەکان وەک یۆتۆپیا، نەرێکردنێکی هونەر وەک ڕاکردنخوازی و گاڵتەجاڕییەکی هەستپێکراو دەربارەی مرۆڤایەتی فەراهەم بکەن، لانی کەم مرۆڤایەتی هەنووکەیی. ڕیالیزمەکەی خۆی وەک دژی «ئایدیالیزم» زەق دەکاتەوە، لە مانای تەمەڵانە بەدووکەوتنی ئایدیالەکان لەودیوی هەبوونیانەوە. ئەدەبیاتی ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** بە شێوەیەکی سارد، بۆ نموونە وەک دژە یۆتۆپیا خۆی پیشان دەدات بەو جۆرەی لە نووسراوەکانی ئەلفرێد دوێبلن، هانس فالادا یاخود ئێریش کێستنەردا دەردەکەوێت، لە ستایلێکی ڕیپۆرتاژی ناهەستیار و ناسەنتیمێنتاڵ و بێهەست بە وردبینیی وردەکارییەکان و ستایشکردنەوە بۆ «واقیع» (ڕاستی). ئەدەبیاتی ***ئۆبژێکتیڤیتەی نوێ*** بەراورد دەکرا بە لێدوانی شایەتحاڵێکی دادگا. هەر لەبەر ئەوەشە، بەناوبانگترین ڕۆمانی کێستنەر، لە هاتوچۆی ناو دادگا دەچێت.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕوانگەی کێستنەر بۆ ئەخلاقیاتی باو، تێکشـــکـانـدنی ئەخلاقیـاتی بۆرژوازی – بەڕادەیەک دوودڵ – و کردنەوەی دەروازەکانی دیکەی ئەخلاقیات، ڕووداوێکە بۆ کۆمەڵگا کۆنزەرڤاتیڤ و کۆنەپارێزەکان، تیشک و هیوای بەشۆڕشگێڕیکردنی تێکشـــکاندنی بەها کۆنەکانی پێیە و دەکرێت لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا بەباشی لێیەوە فێر ببین.